# گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم لە رۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی

**کیفی محمد عزیز**
**زانکۆی سۆران**
**فاکلتی ئاداب**
**بەشی زمانی کوردی**

**پێشەکی**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی رۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)ی عەتا نەهایی لەژێر میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم،ئەم میتۆدە دوایی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کەوتە نێوپانتایی ئەدەب ، چەندین رەهەندی هەیە وەکو بواری ئەنسرۆپۆلۆژی و دەروونی (تاکی داگیرکراو) و مافی ژن (فیمینیزم) و زمان و ناسنامە و کەلتوور و.....هتد،لە هەریەکێك لەو کایەنەدا پێشەنگێکی هەبووە ،لەبواری ناسنامە و کەلتووردا ئیدواردسەعید پێشەنگ بووە ،لەبواری مافی ژن ئسپیڤاك چالاکی بوارەکە بووەو خاوەنی چەندین نووسینە، هومی بابا،لەبواری تێروانیینی نەتەوەی ژێر دەست نووسینی هەبووە، ئەمانە پێکەوە بنەماکانی میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزمیان گەلاڵەکرد .پۆستکۆلۆنیالیزم ماوەی زەمەنی دوای پرۆسەی کۆلۆنیالیزمە ، واتە کاتێك نەتەوەیەك یاخود سەرزەوینی نەتەوەیەك داگیر دەکرێت ،دوای ئەم داگیرکاریە تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزم ئیشی خۆی دەکات،کە ئەویش بریتیە،لە لێدان لە کەلتوورو دابو نەریتی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە ، بۆ ئەوەی بتوانن دەستکاری بیرو تێروانین و دنیابینینی نەتەوەکۆلۆنیکراوەکە بکەن ،بەشێوازێك لە هەوڵی ناشرینکردن و بێ بەها نیشاندانی کەلتوورو دابونەریتی نەتەوەکانن، دەکەونە پیاهەڵدان و نمایشکردنی کەلتوورو داب ونەریتی نەتەوە سەردەستەکان و لەهەوڵی بەسەنتەرکردنی کەلتووری ئەوروپین (ئیرۆسەنتر) ، ئەمانەش ناراستەوخۆ لەنووسین و کایەی ئەدەبدا خۆیان دەردەخەن بەتایبەت ئەو نووسەرانەی لەدەرەوەی وولات ماوەیەك ژیاون بەناراستەخۆ دەکەونەپەخشکردنەوەی هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم ، دیارە ئەمەش بەشێوەی نائاگا لەکردەی نووسیندا بەردیدە دەخرێت ، بۆیە رۆمانی(گرەوی بەختی هەلاڵە) هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتووە،کەتیایدا باس لە کەلتووری ژن کوژی بەدەستی پیاوی رۆژهەلاتی دەکات و ئەم کەلتوورو داب و نەریتە رۆماننووس وێنەیەکی دیکەی بۆدروست کردووە، کە ئەویش تێروانینی تاکی رۆژئاوایە بۆ ئەم دیاردەیە،بە دواکەوتوو و بێ بەها وێنەی دەکەن، دیارە ئەمەش هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمە لە هەوڵی بەتەوەرکردنی کەلتوور و داب و نەریتە .

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەم بابەتە(گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم) لەنێو ئەدەبی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە ، لەجیهاندا میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم لە ئێستادا نوێترین میتۆدە بۆ خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان ، بۆیە بەپێویستمان زانی لەژێر رۆشنایی پرەنسیپەکانی ئەم میتۆدەدا خوێندنەوە بۆ رۆمانی کوردی بکەین .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی میتۆدی ( وەسفی – شیکاری ) کردووە .

**سنووری توێژینه‌وه‌كه‌:**

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ گوتاری پۆستكۆلۆنیالیزمی له‌بواری كه‌لتوورو باوكسالاری به‌نموونه‌ وه‌رگرتووه‌،واته‌ له‌نێو رۆمانه‌كه‌دا ته‌نها شیكردنه‌وه‌ی بۆ ئه‌م بوارانه‌ كردووه‌، دیاره‌ ئه‌م میتۆده‌ دوو كه‌لتووری جیاوازی رۆژهه‌ڵات و رۆژئاوای كردۆته‌ چه‌قی قورسایی كاركردنی خۆی، ئێمه‌ كاتێك باس له‌رۆژهه‌ڵات ده‌كه‌ین، كوردیش وه‌كو هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌كی تر له‌ رۆژهه‌ڵاتدا هه‌مان دیارده‌ كه‌لتووری و سیسته‌مه‌ باوكسالارییه‌كه‌ی تێدایه‌، له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا بواره‌كانی تری ئه‌م میتۆده‌ وه‌كو لایه‌نی ئه‌نسرۆپۆلۆژی ولایه‌نی ده‌رونی ...هتد، وه‌لاوه‌نراوه‌ .

**ناوه‌رۆكی توێژینه‌وه‌كه‌:** ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ له‌ دوو به‌ش پێكهاتووه‌،به‌شی یه‌كه‌م لایه‌نی تیۆری بابه‌ته‌كه‌یه‌،كه‌تیایدا تیشك خراوه‌ته‌ سه‌ر پره‌نسیپ و بنه‌ماكانی پۆستكۆلۆنیالیزم و ده‌ركه‌وته‌ی به‌سه‌ر كه‌لتوورو خوێندنه‌وه‌ی بۆ سیسته‌می باوكسالاری له‌ رۆژهه‌ڵاتدا ،پاشان قه‌ڵه‌مه‌ دیاره‌كانی ئه‌م بواره‌ ئاماژه‌ی پێدراوه‌.له‌به‌شی دووه‌م شیكردنه‌وه‌ی رۆمانه‌كه‌یه‌ له‌ژێر رۆشنایی ئه‌م میتۆده‌ ئه‌نجامدراوه‌ . له‌ كۆتایدا ئه‌نجام و لیستی سه‌رچاوه‌كان به‌پێی پیتی ئه‌بجه‌دی كوردی ریزكراون .

پۆستكۆلۆنیالیزم :_ ڕاڤه‌ و رامانێكه‌ ره‌گی له‌ راستییه‌ مێژوویی و كاریگه‌رییه‌كانی كۆلۆنیالیزم و ئاكامه‌كانی ئه‌ودایه‌، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌وبابه‌ته‌(كۆلۆنیال) له‌ڕووی مێژووییه‌وه‌ ،مێژوویه‌كی دوورو درێژی هه‌یه‌، بۆ ده‌ستنیشانكردنی سه‌ره‌تایه‌ك سانا نییه‌ ، به‌ڵكو بۆ خوێندنه‌وه‌كانی پۆستكۆلۆنیالیزم ده‌بێ بۆ مێژوو بگه‌رێینه‌وه‌، له‌وه‌ێوه‌ سه‌رنج بدرێته‌ هه‌موو ئه‌و رووداوانه‌ی په‌یوه‌ندیان به‌ ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی سه‌ر زه‌وینی نه‌ته‌وه‌كانی تره‌، هه‌ر له‌ له‌شكر كێشییه‌كه‌ی زه‌ینه‌فۆنه‌وه‌ تاوه‌كو ئێستا تێزه‌كانی كۆلۆنیال درێژه‌ به‌خۆیان ده‌ده‌ن و به‌پێی گۆرانی زه‌مه‌ن ئه‌ویش روخساری خۆی گۆریوه‌ . بۆئه‌وه‌ی پۆستكۆلۆنیال بناسین، ده‌بێ له‌چه‌مكی كۆلۆنیاله‌وه‌ بكۆلدرێته‌وه‌،ئه‌مانه‌(كۆلۆنیال و پۆستكۆلۆنیال) دوو چه‌مكی تازه‌ داهێنراون([*]) و هاوزه‌مان لێڵن،زه‌حمه‌تیشه‌ بزانرێ سنوری ئه‌میان له‌كوێ ته‌واو ده‌بێ و سنوری ئه‌میان له‌كوێ ده‌ست پێده‌كات، چونكه‌ كرده‌ی كۆلۆنیالكردنه‌كه‌ ئاسه‌واره‌ جێماوه‌كانی له‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ كۆلۆنیالكراوه‌كان جێده‌هێلێ و هه‌وڵی وێناكردنی ئه‌ده‌ب و كه‌لتوری نه‌ته‌وه‌ی كۆلۆنیكراو ده‌دات بۆ ئه‌وه‌ی كرده‌ی پۆستكۆلۆنیال ئاراسته‌ و رێره‌وی خۆی وه‌ربگرێ،به‌مه‌ش پۆستكۆلۆنیالیزم په‌یوه‌ندی به‌و باس و بابه‌تانه‌وه‌ هه‌یه‌، كه‌ دوای وه‌لاوه‌چونی بارودۆخ و یاساكانی كۆلۆنیال رووده‌دات و به‌دیدێ،هه‌رچه‌نده‌ كرده‌ی كۆلۆنیالی كۆتایی پێهاتووه‌ به‌ڵام به‌ شێوه‌و شێوازی تر درێژه‌ی پێده‌درێ .

كۆلۆنیالیزم: به‌گوێره‌ی فه‌رهه‌نگی لۆنگمان ( Longman dictionary ) ووشه‌ی كۆلۆنی (colony) له‌ ووشه‌ی لاتینی (colonia) هاتووه‌،كه‌ به‌مانای(مێرگ و له‌وه‌ڕگه‌) دێ، به‌م شێوه‌یه‌ پێناسه‌ی ده‌كات(( نیشته‌جێ بوون له‌سه‌ر زه‌وینی ولاَتی نوێ))[1] ، واته‌ ده‌سته‌یه‌ك له‌ مرۆڤ له‌شوێن و سه‌ر زه‌وینێكی نوێدا بارگه‌یان لێداده‌خه‌ن و

---

[*] مه‌به‌ستمان له‌ تازه‌داهێنراو ئه‌وه‌یه‌ كه‌وا،دوای ئه‌و هه‌موو چه‌ند سه‌د ساڵه‌ له‌ململانێكردن له‌نێوان كه‌لتوری نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌كاندا ناو و ناونیشانێكی هه‌بووه‌ واته‌ هه‌ندێكجار له‌ژێرناونیشانی جیاوازی ئاین و هه‌ندێكجار له‌پێناو فراوانكردنی ده‌سه‌لات و ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی خاكی نه‌ته‌وه‌ی تر كراوه‌، ئه‌م چه‌مكانه‌ی سه‌ره‌وه‌ له‌دوای شه‌ری جیهانی دووه‌مه‌وه‌ كه‌وتنه‌ناو نوسینه‌ ئه‌كادیمییه‌كان و چوار چێوه‌ی تیۆری بۆ دانراوه‌.

جڤاكێك پێكدەهێنن،هەروەها لە پەیوەندیدان لەگەڵ ولاتی دایك(ئەو ولاَتەی لێیەوە هاتوون)، بەمەش دەسەلات و هێز پەیدا دەكەن بەسەر دانیشتوانی ناوچەكە،ئەم پرۆسەیە بە كۆلۆنیال ناودێر دەكرێ .

پۆستكۆلۆنیالیزم، لە ڕووی چەمكەوە رەنگە گەیشتن بە پێناسەیەكی كۆنكریت و تێگەیشتن لەم چەمكە، بۆ تویژەر یەكێك بێت لەكارە ئەكادیمییە قورسەكان چونكە سروشتی پۆستكۆلۆنیالیزم بەدیوێكدا گوزارشت لەبەریەككەوتنی مێژوویی دوورو درێژی نێوان هەردوو شارستانیەتی رۆژهەلات و رۆژئاوا دەكات و سروشتی تویژینەوەو دەرەنجامەكانی پۆستكۆلۆنیالیزم و جیاوازی دەركەوتە كەلتووری و ئایدۆلۆجی و رۆشەنبیرییەكانی ئەو كەس و لایەنانەی هەولّی پێناسەكردنی پۆستكۆلۆنیالیزمیان داوە، هەموو ئەمانەش وایان كردووە پێناسەكان بەپێی شوێن و كات و كەسەكان بگۆڕێن، ئەمە وێرای ئەوەی ،كە پۆستكۆلۆنیالیزم خۆی كایەیەكی سیاسی و مەعریفییە و لە گۆران و گەشەی بەردەوامدایە، بۆیە ئەوەندەی تر گەیشتن بەپێناسەیەكی دیاریكراو بۆ ئەم چەمكەی دژوارتر كردووە، ئەمەش وایكردووە ئەم چەمكە فرە ئاراستە بێت و رەگاوەژوی چەندین كایەی زانستی بێت، بەمەش یەكێك لە كاركردو و دەركەوتەكانی ئایدیای پۆستكۆلۆنیالیزم بواری ئەدەبە . پۆستكۆلۆنیالیزم، قۆناغی دوای كۆلۆنیالە و یەكێكە لە باوترین و ئالۆزترین چەمك ،كە لە دەیەكانی سەدەی رابردوو خۆی نواندووەو تێكەڵی گشت كایەكانی دیكەی شارستانی نەتەوە كۆلۆنیكراوەكان بووە ، ووشەی (پۆست) پەیوەندی بەماوەی زەمەنی دوایی كۆلۆنیالەوە هەیە و كەش و هەوایەكی سیاسی و ئەدەبی و كەلتوری تایبەت بە خۆی هەیە، بەمەش پۆستكۆلۆنیالیزم لە پەیوەندیدایە لەگەڵ نەتەوەو شارستانییەتی ئەو شوێنەی لەیاساكانی كۆلۆنیال رزگاریان بووە[٢] . لێرەوە دەشێ پۆستكۆلۆنیالیزم بخەینە نێو چەمك و ماناو خەسلەتگەلێكەوە وەكو سیستەمی كۆلۆنیكەر و تەرزێكی بیركردنەوە،كە پشت بەجیاوازییەكانی نێوان ئەوەی پێی دەگوترێ(ئێمە) و ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەوان) دەبەستێ، بەمەش هەر زوو ئاراستەیەك بۆ نووسین لەبارەی پۆستكۆلۆنیالەوە پەیدا بوو ، ئەم ئاراستەیە هەولی دەدا بایەخی ئابوری و ئەدەبی و ستراتیجی نەتەوە كۆلۆنیكراوەكە بخاتە روو بۆ ئەوەی دە سەلاتی كۆلۆنیكەر بوروژێنێ و زانیاریان بداتێ لەبارەی ناوچەكەوە تا لە هەنگاوەكانی داهاتوویاندا بە كەلكیان بێ[٣] .

روانینی پۆستكۆلۆنیالیزم بۆ كەلتوری نەتەوەی كۆلۆنی هەمیشە لە ئەدەبدا دەركەوتووە ،لێرەوە مرۆڤ دەتوانێ سەرنج بخاتە سەر ئەو خوێندنەوانەی چۆن ئەدەبی رۆژئاوا لە سەدەی نۆزدە بە دواوە بەشێوازی جیاواز جۆرە پرۆژەیەك بووە لە كۆلۆنیالیزمی پرۆژەی ژیاری رۆژئاوا، بۆ نمونە ئیدوارد سەعید ئەوەی ئاشكرا كردووە ،كە چۆن لە ئەدەبدا وێنای رۆژهەلات كراوە و چۆنیش خودی ئۆرینتالیستەكان پۆلینبەندیان (كاتیگۆری) لە رۆژهەلاتی ناوەراست دروستكردوە، تویژەرانی بواری پۆستكۆلۆنیالیزم سەرنجیان لە گەشەی ئەوبەرهەمە ئەدەبیانە داوە ،كە لە ولاتە كۆلۆنیكراوەكان نووسراوە، بەمەش ئەم جۆرە ئەدەبە بەئاگا یاخود نائاگا بەهرەیان لە ئەزمونی پۆستكۆلۆنی وەرگرتووە[٤] .

هاتنە پێشەوەی چەمكی پۆستكۆلۆنیالیزم و رسكانی وەكو تیۆرییەكی ئەدەبی ، دەگەرێتەوە بۆ پرۆژەیەكی فراوانتر بەناوی (رۆژهەلاتناسی)،كەوا ئیدوارد سەعید لەم چوار چیوەیەدا هێڵە گشتییەكانی پۆستكۆلۆنیالیزمی دارشت . ئیدوارد سەعید ئاماژە بەوە دەكات كەوا هاتنە پێشەوەی پرۆژەیەكی لەم شێوەیە دەگەرێتەوە بۆ چەندین ساڵ خوێندنەوەی بەرهەمەكانی ( فرانتس فانون ، فۆكۆ ، گرامشی) ،ئەمانە لە نووسینەكانیاندا بێ ئەوەی

بەشێوەی راستەخۆ ئاماژە بەناو و چەمکی کۆلۆنیالیزم بدەن هاتوون باسی ئەو دیاردەیەیان(داگیرکاری) کردووە (٥)
.

بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی زاڵێ پۆستکۆلۆنیال هەموو کایەکان دەگرێتەوە و هاوکاتیش هەوڵی زۆر بۆ بەئاسایی پیشاندانی ئەو پرۆسەیەی هەیە،بەزوترین کات و بەشێوەیەکی تایبەت و سەرنجراکێش ژیانی فەرهەنگی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان تێکدەدات ئەو سڕینەوەو لەناوبردنە فەرهەنگییە لەڕێگەی حاشاکردن لە راستییە نەتەوەییەکان و داسەپاندنی کۆمەڵێك یاسای نوێی پەیوەندییەکان لە لایەن هێزە کۆلۆنیکەرەکانەوە و پەراوێز خستنی دابونەریتە خۆماڵییەکانە ، هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی کەسی داگیرکراو باوەر بەنزمی و خواردەستی فەرهەنگی خۆی بێنێت و ئەوەش لە شێوازی هەمیشە دووبارە بوونەوەی رەوشت و کردەوەگەلێکی سروشتی وەك بروا پێکردن بە ناراستی و خەیال بوونی نەتەوەی خۆی و لەوپەری سەر لێ شێواوی و ناتەواوی و کەموکورتی لەسروشتی زیندەوەری خۆیشی رەنگدانەوەیان دەبێت (٦) .

**کەلتوور لە گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمدا**

کەلتوور وەك مەعریفەیەکی مرۆیی یەکێکە لەو هۆکارانەی مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دیکە جیادەکاتەوە، بەمەش هەر کۆمەڵگایەك سیمای کەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە، کەبەرهەمی مێژووی ئەو کۆمەڵگاییەو لەژێر کاریگەری بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی دایە، بۆ بەرچاروونی ئەبێ سەرەتا لەپێناسەی کەلتوورەو دەست پێبکەین، رەچەڵەکی کەلتوور لە چەمکی (culture) ئینگلیزییەوە هاتووە، کە سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ زمانی لاتینی و لەبنەرەتدا بە واتای کشتوکاڵ ، ئاوەدانکردنەوە یاخود چاندنی زەوی و بەرهەمهێنان بەکار هاتووە، پاشان ئەم زاراوەیە پەریوەتە ناو زانستەکانی ترەوەو نووسەران لەسەدەی هەژدە بەدواوە بەواتای پەروەدەی دەروونی مرۆڤ بەکاریان هێناوە(٧) ، مەبەست لەکەلتوورسەرجەمی ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژووییانەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم ، لەوانە زمان ،بیر ،ئەدەب،هونەر و ئەفسانەو میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیۆری و زانستییەکان و داب و نەریت.....هتد(٨)، بەوپێیەی کەلتوری ولاتی کۆلۆنیکراو(داگیرکراو) دەکەوێتە بەر تەوژمی ولاتی کۆلۆنیکەر(داگیرکەر)،ئەوا یەکێك لەدەرهاویشتەکانی،کەلتورەکەیەتی،بەمەش پۆستکۆلۆنیالیزم روانینی خۆی بۆ خوێند نەوەی کەلتوور هەیە،چونکە بەرمەبنای کارکردنی داب و نەریتەکانی ژیانی کۆمەڵگان،بەمەش هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆسەیە و کارکردی پۆستکۆلۆنیالیزم، لە وولاتانی تازە پێگەیشتوو لەم روانگەوە لەهەوڵی هاوشێوەکردنی کەلتوورییەوە کاریگەری خۆی نواندووە،چونکە کەلتوور پێناسەو رەوایی خۆی لە نەتەوە وەردەگرێت،کە کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لەمێژووی خۆیاندا هێناویانەتە بەرهەم و بەهۆیەوە توانیویانە زەمینەی پێکەوە ژیانی هاوبەش دروست بکەن. کۆلۆنیالی کەلتوری رەنگێکی سیاسی دیاریکراوی نییە، بەپێی نەتەوەو دەوروبەر و چوارچێوەکەی خۆی، خۆی مانفێست دەکات، بەمەش باری مێژووی و جوگرافی و سیاسی شوێنەکە یاخود نەتەوەکە، ناوەرۆکێکی تایبەت بەکەلتوری پۆستکۆلۆنیالیزم دەدەن . پۆستکۆلۆنیالیزم ، ئامانجی ئەوەیە کەلتوور بخاتە چوارچێوەیەکی سیاسی و لەوێوە کار لەسەر کەلتوور بکات و هەوڵی ئەوەدەدات لەرێگای میدیای نێونەتەوەییەوە کەلتووری ولاتانی کۆلۆنیکەر بگوازێتەوە بۆ ولاتانی کۆلۆنیکراو، بەمەش ئەو پرۆسەیە بارودۆخێکی تازە دەخولقێنێ و کەلتوری ولاتانی کۆلۆنیکراو دەخاتە ژێر چەپۆکی ولاتانی کۆلۆنیکەر ،بەمەش ئامانجی پرۆسەکە رەگاوەژووی کەلتوری وولاتانی هاوبەرژەوەندی کۆلۆنیال و ولاتانی جیهانی سێیەم دەبێ .

پۆستكۆلۆنیالیزم ، پەراوێزخستن و حاشالێكردنی كەلتوور و كایە كەلتوورییە نەتەوەییەكان بەرهەم دێنێ،ئەمەش قورسایی ئەو سیاسەتە دەردەخات سەبارەت بەكەلتووری وڵاتانی كۆلۆنیكراو، بۆیە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی بیرۆكەی پۆستكۆلۆنیالیزم ، دابرانە لە كەلتووری نەتەوەیی ، كە بەشێوەیەك ئەبێ چاو لە كەلتووری وڵاتانی كۆلۆنیكەر ببردرێ،ئەمەش بەشێوەیەكی راستەوخۆ و بە ووشیارییەوە لەكردەی نووسین و ئەدەبیاتەوە خۆی بەرچاو دەخات، ((هەر نەتەوەیەك دووچاری كۆلۆنیالێكردنی كەلتوری ببێت ،ئەوە مانای ئەوەیە كە زەمینەی ون بوونی بۆ ئامادەكراوە))[9] بۆیە ئەبێ ئەم شێوە مامەڵەكردنە زەق بكرێتەوە، بەمەش بۆ ئەم كارەیان هەوڵی چەسپاندنی كەلتووری (ئیرۆ سەنتر) دەدەن و بابەتە كەلتوورییەكان بۆ سەر دوو بەرە دابەشدەكەن ، ئەویش بەرەی (پەراوێز) و (ناوەند)ە، بۆیە كەلتوور ((چەندە هۆكاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆكاری خۆجیاكرنەوە بێت لە ئەویدی یان ئەوانیدی، ئەو سیستمە كەلتووری و پێوانە كەلتوورییەكانن كەجیاوازی نێوان (من ) و (ئەویدی) دیاریدەكەن و سەرەنجام خەتێكیان بەنێواندا دەكێشن ))[10] لەم پرۆسەیەدا ئاستەكانی كەلتوور = دەسەڵات ، بە جۆرە مامەڵەیەكی سیاسیانە گونجێندراوە. ئەو پرۆسەیە گرەو لەسەربنیاتنانی شێوازێكی جیاوازی ژیان و بیركردنەوەی نەتەوە كۆلۆنیكراوەكان دەكات، بەشێوەیەك لە سنوور و چوار چێوەیەك قەتیسی دەكات و هەوڵی دابرانی لەسیستەمە كەلتوورییەكانی تری جیهان دەدات، دەیەوێ راستەوخۆ بیلكێنێت بە بازنە كەلتوریی و بەكارهێنانە تایبەتییەكەی خۆیەوە، بەمەش پتر لەسەر دروستكردنی كەلتورێكی هێمایی دەوەستێ و ئامانجی كەمكردنەوەی نرخی كەلتوورەكانی بەرامبەریەتی و رەشكردنی لاپەرەكانییەتی و پاڵنانە بە گروپ و ئەتنیە جیاوازەكان بۆ وازهێنان و هاتنە ناوەوەی سیستمە كەلتورییە تازە داهێنراوەكە . كۆلۆنیالی كەلتووری وەكو دەركەوتەیەكی گەورەی ئەم پرۆسەیە(پۆستكۆلۆنیالیزم) ، كەلتوور دەكەنە چەقی قورسایی و بەراوردی نەتەوەكان و ناتەباییەكان ،پتر جەخت لەسەر ووشیاری كەلتوری رۆژئاوایی و شەڕ دژی ئەو كەلتوورە دێنە ئاراوە و هەوڵ بۆ دوورخستنەوەی كەلتووری رەسەنی نەتەوەكان دەدەن ، چونكە ئەم جۆرە زاڵبوونی كەلتوورییە دەركەوتەی خەباتێكی سیاسیە و ئەو جۆر هەڵسوكەوتەش لەپاڵ ئەوەدا زیندوودەكرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتێكی ئاشكرای هەیە ، بۆیە پرۆسەی پۆستكۆلۆنیالیزم و شێوەگیربوونی لە چوار چێوە كەلتوورییەكەیدا هەردەم نەیاری گوتاری ناسیۆنالیزمی كەلتوورین و تێكرای چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بە بەرهەمی كەلتووری و دەسەڵاتی كەلتووری رەسەن دەزانن ، بۆیەش زۆربەی جار پێكداهەڵپژانی كەلتوری دروست دەبێت ، تەنانەت بۆ ئاستی كەلتوری مۆدێرن و كەلتووری دواكەوتوو دایدەبەزێنن .

دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی كەلتووری ووڵاتانی رۆژئاوا ،پۆستكۆلۆنیالیزم بەباشی توانی رەوایەتی خۆی وەربگرێ، بەمەش دامەزراندنی سیاسەتی كەلتووری لە روانگەی پۆستكۆلۆنیالیزمەوەئەوەیە كە كەلتووری رۆژئاوایی لەناو كەلتوورەكانی تردا بكاتە دیاردەیەكی بەرچاو و سەردەستی سەردەم، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە هێزی ئابووری و سەربازی رۆژئاواوە هەیە، ئەو مێژووەی ئەم بارودۆخەی بۆ شارستانییەتی رۆژئاوا فەراهەمكردووە،كە ببێتە كەلتوورێكی جیهانی ،هەمان ئەو مێژووەشە وای لە كەلتووری رۆژئاوا كردووە بەسەر كەلتوورەكانی تردا زاڵبێ، پاشان ئەم سیاسەتە كەلتوورییە رۆڵ دەبینێ لەپیرۆزكردن و نرخاندنی كەلتووری رۆژئاوا ،كە ئەمەش كۆنتێكستی گوتاری فەلسەفەی رۆژئاوا دیاریدەكات ، ئەم تێروانینە بۆ كەلتوور لە هەوڵی ئەوەدایە ببێ بە مۆدێل بۆ دەرەوەی خۆی ،كە كەلتووری رۆژئاواییە، لەدەرەوەی جیهانی خۆی هەوڵی بەرجەستەكردنی خۆی دەدات ، بۆیە

پۆستکۆلۆنیالیزم لەسەردەمی ئێستادا کەلتووری کردۆتە ئەو نێوەندە جیهانییە ،کە بەرامبەر بە گۆڕین و لە قاڵبدانی کەلتووری ئەویدیکە بەرپرسیارە،ئەمەش بەئیتیکی (ئەخلاق)ی مەسەلەی بەشداریکردنی کەلتووری ئەویدیکە لە دەرەوەی بازنەی خۆی بەشتە جیهانییەکانەوە زۆر بەجدی دەکۆڵێتەوە .

باوکسالاری لە گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم

تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ باوکسالاری لەبندەستی و چەوسانەوەی ژنەوە ماهییەتی وەرگرتووە، هەمیشە ژن باجی ئەو سیستەمەی داوە،بۆیە پێویستە تیشك بخرێتە شێوەی ژیانی ژن لەوەها سیستم و کۆمەڵگەیەدا، بەمەش کاتێك باس لەمەسەلەی ژن لەتێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمدا دەکەین ، ئێمە لەماناو چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیە قسە ناکەین، بەڵکو مەبەستمانە قسە لەتێروانین و بزووتنەوەیەك بکەین ،کە پۆستکۆلۆنیالیزم نەخشاندوویەتی ،بەوەش بەپێی پێوستی ئەم بابەتە ئاماژە بۆ رەهەندە سیاسیەکەی تێۆرەکانی تری فیمینیزم دەکەین وەکو تێروانینی رادیکاڵ ، لیبرال،مارکسیزم بۆ فیمینیزم .هەرجۆرێکی فیمینیزم روانبنێکی تایبەتی بۆ پرسی بندەستی ژنان هەیە و چارەسەرو هۆی جۆراو جۆری بۆ دیاردەکات، لیبراڵەکان گرفتی سەرەکی ژن لەدۆخی کارو نایەکسانی ئابووری و هەلی نایەکسانی بەپێی رەگەزە ژن دەبینێ و رێگە چارەش لەبەدیهاتنی یەکسانیدا دەبینێ .بەم پێیە فیمینیزمی لیبراڵ داکۆکی لە ئامانجی یەکسانی ژن و پیاودا دەکات . بەڵام بەرای فیمینستە رادیکاڵەکان ،چەوساندنەوەی ژنان بەرهەمی سیستەمی باوکسالارییە، جەخت لەسەر جیاوازیی و بنەرەتی ویستەکانی ژن و پیاودا دەکەن و رێگە چارە لە جیاکردنەوەی ویستی ژنان لەویستی پیاواندا دەبینن [١١]. فیمینیستە مارکسیستەکان سەرچاوەی سەرەکی چەوساندنەوەو سەرکوت و نایەکسانی ژنان لەسیستەمی سەرمایەداریدا دەبینن،پێیانوایە دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا یەکێکە لەدەرکەوتەکانی دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر کاردا لەسیستەمی سەرمایەداریدا . فیمینیزم تەنها مەبەستی ئازادکرنی جەستە نییە لەکۆت و بەندی کۆمەڵگە،هێندەی پرۆژەی رزگارکردنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە([١٢]) . تیۆرێك بەجیاواز لەو رابردووەی کەپیاو هەژموونی بەسەر کایەکانی ژنان سەپاندووە،ئەمجارە پۆستکۆلۆنیالیزم ژنی وەکو بەکەرێکی چالاك هێنایە پێشەوەو هەوڵیداوە لەماف و ئازادی و کاردا هاوشانی پیاو یەکسان بن، لەرێگای رەخنە گرتن لەو کەلتوورە باوکسالارییەی رابردوو،کە بەدرێژای سەدەکانی رابردوو ژنی خستبووە دەرەوەی پرۆژەی بیرکردنەوە. لەکەلتووری رۆژهەڵات،وێنەی ژن و تێگەیشتن لەجیهانبینیەکەی ، میراتی کۆمەڵگە و کەلتوورە باوکسالارییەکەیەتی،ئەو کۆمەڵگەیانەی تیایاندا دەسەڵاتی بیرکردنەوەو دانانی سنوورو چوارچێوەو بەهاکۆمەڵایەتییەکان ،لەدەسەڵاتی نێرینەیە،لەوەها کۆمەڵگەیەکدا ترس لە بوونی دەسەڵاتی ژن شتێکی ئاسایی و سروشتییە،چونکە کۆمەڵگەیەك باوکسالاری قسەکەرو کۆنترۆڵی کایەکانی ژیانی ژن بکات ،لەبەرژەوەندی نییە ستایشی ژن بکات، بەمەش ئەمحۆرە ترسە خەسڵەتی زۆربەی کەلتوورەکانی رۆژهەڵاتە، بیرکردنەوەی باوکسالاری لەکەلتووری رۆژهەڵات بە دووپێوانەیی کاریکردووە، لەپێوانەیەکیدا ژنیان تارادەی پیرۆزی و پەرستن وێنەکردووە بەوەی بەهەشت لەژێر پێیی دایکاندایە، لەپێوانەیەکی دیکەیدا وەك بوونەوەرێکی پڕ لەرازو نهێنی و ئەفسوون خستۆتە روو،ئەم تەرزە بیرکرنەوەیە لەرۆژهەڵاتدا برەوەی هەیە و پێیوایە ژن پەیوەندی بەدونیای غەیبیەوە هەیە و تێگەیشتن لەمەبەست و ئامانجی ژن تەڵەزگەیەکی شەیتانییە.

یەکێك لەو بابەتانەی پۆستکۆلۆنیالیزم باس و خواسی لەسەر دەکات (ئەویدی سازی)یە، ئەم چەمکە لە ئیدوارد سەعیدەوە خوازراوەو لە چوارچێوەی بابەتە پەیوەندیدارەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە هاتووە بۆ نێو پانتایی ئەدەب و نووسینە فیمینیزمییەکانەوە، چونکە ئیدوارد سەعید پێیوایە خۆرئاوا لە خۆرهەلاتدا وێنەیەکی دیکەی دروستکردووەو لەگەڵ خودی خۆرهەلاتدا نایەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەقی قورسایی خراوەتە سەرباس و خواسەکانی مێینەی رۆژهەلاتی، بەمەش فیمینیزمی خۆرئاوا بەهەمان پرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم وێنەی ژنی خۆرهەلاتی کێشاوە ،کە واقعیەتی ژنی خۆرهەلاتی دەرناخاتەوە، بۆیە ئەم تەرزە تێفکرینە لە هەوڵدایە ژنێکی خۆرهەلاتی بەپێوانەو روانین و پێویستی خۆی بەرهەم بێنێ ، بەمەش ژێردەستەکان جوڵە و بزاوتەکانیان هی خۆیان نین، ئەو وێنە رەسەنە نین، بەڵکو دەستکردی رێساکانی کۆلۆنیالیزم و دەرکەوتەی پۆستکۆلۆنیالیزمن و ئەوان سەپاندویانن بەسەریاندا ، بەمەش دەسەلات و هێزی پاتریاکی رۆژئاوا ناسنامەو گوتارێك بۆچینی ژێردەست و ژنانی نەتەوەکۆلۆنیکراوەکە بەرهەمدێنێ ، لێرەوە شوناسی ژنی خۆرئاوا خۆی مانفێست و بەرجەستە دەکات (١٣)، لەهەوڵی وێنە دروستکردنێکە بۆژنی خۆرهەلات بەوەی دەنگ و رەنگ و تێگەیشتنی خۆی دەخاتە برِی ژنی خۆرهەلات ، چونکە پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە ژنی خۆرهەلاتی بوون وناسنامەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا وونکردووەو پێویستە لەهەوڵی دۆزینەوەیدا بێت و هەرماف و شێکی لێی سەندراوە، بەهەرنرخێك بێت وەریانبگرێتەوە، بۆیە فیمینیزمی خۆرئاوا هەوڵیداوە زمانی ئەوانە بێت،کە زمانی قسەیان نییە و رێگایەکیشیان بۆ بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن .

تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ مافی مێینەی خۆرهەلاَت وایە،کە کۆمەڵگە خۆرهەلاَتییەکان ژن بوون بەتەنیا ناگەرێننەوە بۆ خودی ژن بوون و تەنیا وەك ژن سەیری ناکرێت ، بەلکو وەك بەشێك لەناسنامەی نیشتمانی و شەرەفی کۆمەڵگە سەیر دەکرێت ، بەمەش کێشەی ژن تەنیا لە رەگەزەکەی کورت ناکرێتەوە بەلکو هەلگری خەسلەتی ئەو کەلتوورەیە کەتێیدا دەژی ، لە هەوڵدایە ئەو یاسا و کۆت بەندە کۆمەلاَیەتییانە تێکبشکێنێ ،کە ژنی خۆرهەلاَت وادەزانێ ئەو گوتارانە تروسکاییەکی پێ نییە بۆ ژنانی خۆرهەلاَتی ، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای ستەمکار لە هەوڵدایە ژن ژێر دەست بێت و گۆرانکارییەکانی جیهان کاریگەریان لەسەری نەبێ و بەردەوام رازی بێت لەو دۆخەی تێیدا دەژی(١٤) .

پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە لەرۆژهەلاَتدا بەگشتی ژن ،ئاین سنوورەکانی بۆ دادەنێت، کەواتەژن نەك هەر ناتوانێ لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی چالاك خۆی بنوێنێت، بەڵکو بە شێوەیەك پەراوێزو کۆت وبەندکراوە،کەمافی نییە بێتە نێو ژیانەوە، بەمەش کاتێك ئاین سنورەکانی ژیانی ژن دیاریدەکات ،هەموو گۆرانکارییە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانی ژن بەدەرچوون و یاخی و هەڵگەراوە دەچوێنێ،بەمەش هەموو مافەکانی دووچاری بنبەست بوون دەکاتەوە. کۆمەڵگای خۆرهەلاَتی ،کۆمەڵگایەکی داخراوە، چونکە بەردەوام لەهەوڵی کۆت و بەندکردنی تواناکانی ژندایە، هەمیشە ترسی مەرگ بەرۆکیان پێدەگرێت، بەمەش ئاوەزی خۆرهەلاَتی پەیرەوی ئاوەزو بیرکردنەوەیەك دەکات ، کەئەوەندە مەرگدۆستە و تروسکایی ژیان بۆژن تا مەوادایەکی ئێجگار زۆر تەسکدەکاتەوە،بۆیە لەتەریك بوونی ژندایە و لە ئەمرۆیی ژیان و تەکنەلۆژیادا دایدەبرێت و شانازی بە رابردووی پرِ لە دەسەلاَتی پیاو سالاری خۆیانەوە دەکەن ، بۆیە هەمیشە سنوورەکانی ژیان بەدەوری ژن تەسکتردەکەنەوەو لەمەرگ و کوشتنان بێ سلَەمینەوە بەردەوام دەبێت، بەو واتایەی هەموو جوڵەو بزاوتە نوێخوازانەی ژن بەمەبەستی بەشداریکردنی ژیان و دونیابینی

سەردەم دێنە پێشەوە، بە هەڵگەراوەو زەندیق وەسفیان دەکەن و دەیانخەنە دەرەوەی سنوورەکانی کەلتووری کۆمەڵگاو بڕیاری کوشتنیان دەدەن([١٥]) .

سەرنجی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ ژنی رۆژهەڵاتی پەیوەندی بە زمان و قسەوە هەیە،پێیوایە ژنان لەژێر فشاری زان و باڵادەست و زاڵی پیاواندان، لەوەها کەلتوور و کۆمەڵگایەکدا زمانی ژنان بەنزم و لاوازو لەرزۆك دەزانن و ژنان لە هەڵسوکەوت و قسەکردنیان جەخت لەسەر هەست بزوێن و سۆزی تاکەکەسیانەی خۆیان دەکەنەوە ، کەچی ئەم کەلتووره زمانی پیاو بە تۆکمەو جێگیر دەزانی . یەکێك لەو فۆرمە دیارانەی پۆستکۆلۆنیالیزم بابەتی داکۆکی کردنە لە مافی ژن ،ئەمەش شێوەیەکی تەواو سیاسیانەی پێوە دیارە ([١٦])، بەو واتایەی فیمێنیزمەکان بە توورەییەوە هەستی خۆیان دەربارەی نادادپەروەری دەردەبڕن و لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان ،لەبەرانبەر دەسەڵاتی پیاوسالاری، پێیوایە دەسەڵاتی پیاوسالاری یاخود حوکومەتی باوك ، ژن بە پاشکۆ و ژێردەستەی پیاو دەزانێ .

رابەرەکانی میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم:

**<u>ئیدوارد سەعید: (Edward Said):_</u>**

میتۆدێك لەبیرکرنەوەو بەرخوردو راڤەکردن پێشکەشدەکات،کە لەچۆنیەتی تێکەڵکردنی مەعریفە و دەسەڵات ،لەچۆنیەتی نایەکسانییە سیاسیەکان بۆ ناو فیکرو وێنە و وێناکردنەکان، ئاگادارمان دەکاتەوە، لەپشتی ئەم دیدە رەخنەییەی سەعیدەوە هەوڵی هاتنەکایەی جۆرێکی نوێی تێفکرینی مرۆڤگەرا ،لەئارادایە، کەمافی قسەکردن و گێرانەوە و یستی ئازاد بەهەرکەسێك بدات و ئەو نایەکسانییە بنبربکات،کە سیاسەت لە مەعریفەدا دروستیان دەکات، سەعید خۆی بەخوێندنەوەی رۆژئاواوە خەریکدەکات و بەدوای دۆزینەوەو نیشاندان و راڤەکردنی ئەو میکانیزمە کولتوورییانەیە ،کە رۆژئاوا بەدەوری خۆیەوە گرێدەدات،لەم کارەیدا گرنگییەکی گەورە بەو رەوتە مێژووییە ئەدات ،کەئەم تێکست و وێنە و نمایشە کولتوورییانەی تێدا بەرهەمهاتووە و لەو رەوتەدا بەرهەمە کولتوورییەکانی رۆژئاوا نیشتەجێدەکات ،مەبەست لەو رەوتە مێژووییە تایبەتەش رەوتی پۆستکۆلۆنیالیزمە، بۆیە باس لە چۆنیەتی ئامادەبوونی بەشەکانی دیکەی جیهان دەکات لەناو خەیاڵ و نمایشی بەرهەمە کولتوورییەکانی رۆژئاوادا ، لە رەوتێکدا ، کە پۆستکۆلۆنیالیزم ئەو چوارچیوە مێژووییەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاواو دەرەوەی رۆژئاوا رێکدەخات([١٧]) . تێزەکەی سەعید باسی چۆنیەتی بەرجەستەبوونی وێنەو کولتوورو کارەکتەری گریمانەکراوی میللەتانی دەرەوەی رۆژئاوا لە فەنتازیای رۆژئاوادا دەکەن ، بۆیە پەیوەندیەکی راستەخۆ لەنێوان خەیاڵی کۆلۆنیاڵیانەی رۆژئاوا لەگەڵ خەیاڵی سیاسی و کولتووری و مەعریفی رۆژئاوادا پێشنیاردەکات ، سەعید فانتازیای سیاسی و کولتووری رۆژئاوا بەرامبەر بە رۆژهەلات فانتازیایەکی پۆستکۆلۆنیالیزمییانەیەو ئەم فانتازیایەش لەسەر زەمینی هاوکێشەیەکی نایەکسانی پەیوەندی دەسەلات و هێزو مانادا نیشەجێیە. لەنوسینەکاندا دەربارەی پۆستکۆلۆنیالیزم هاوشێوەی مێژوونووس کاری نەکردووە، واتە نەهاتووە مێژوو بگێرێتەوەو هەوڵی تێگەیشتن یاخود تێنەگەیشتن لە دەسەڵاتی رۆژئاوا بۆ خوێندنەوەکانی رۆژهەڵات بنووسێتەوە([١٨])، بەڵکو هەوڵی شیکرنەوەی ئەو گوتارانەی داوە ،کە بەهۆیانەوە پۆستکۆلۆنیالیزم و کەلتوورەکەی ، زانیاری و مەعریفەی لەسەر دەرەوەی رۆژئاوادا بەرهەمهێناوە، بۆیە خوێندنەوەکانی ئیدوارد سەعید لەچوار چێوەی پۆستکۆلۆنیالیزمدا دەیەوێت ئەو زانیارییانە بەرچاو بخات، کەوا هێزو دەسەڵاتی رۆژئاوا چۆن ئەو

پەیوەندییەی بەدەرەوەی خۆیەوە لەخۆدەگرێ، کردووە بەمەعریفە و ئەو پەیوەندیانەی رۆژئاوا لەنێوان ئەو زانیارییانەی دەسەلاَت و هێزی رۆژئاوا دەربارەی رۆژهەلاَت بەرهەمیهێناوە .

**هوومی بابا** (Homi J. Bhabha):

یەکێکی ترە لەتیۆریزەکەرانی پۆستکۆلۆنیالیزم،لەهندستان لەدایك بووەو لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو،وەك یەکێك لەقەڵەمە دیارەکانی ئەم تیۆرە خۆی ناساندووە،هوومی بابا بەکاریگەری بیرۆکەکانی(بەندیکت ئەندرسۆن)ەوە،کاریگەر بووە،بەتایبەتی بیرۆکەکانی لەسەر نەتەوەو دروست بوونی نەتەوە، کەئەندرسۆن پێیوایە نەتەوە کۆمەڵێك وێنەی خەیاڵی نییە ، بەڵکو شوناسێکی دیاریکراو و تایبەتمەندیان هەیە، لەسەر بناغەی ویستێکی بە کۆمەڵ بۆ ژیان لەگەڵ رابردوویەکی مێژوویی درێژ خۆی گرتووە، نووسینەکانی هوومی بابا زیاتر پەیوەندی بەناسنامەی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم بەسەر ئەو ناسنامەیەوە هەیە، بەتایبەتی کێشەی (دوو رەگ) بوون لەسەردەمی مۆدێرنەدا، بابا پێیوایە شوێن و کات لەسەردەمی مۆدێرنەدا بارودۆخێکی ئالۆزیان خولقاندووە، بەمەش هەستی نەتەوەیی و شوناسی تاك بۆ مەسەلەی خاك ونەتەوە ،تارادەیەك حاشای لێدەکرێ، بۆیە بابا لە کتێبی ( نەتەوەو گێرانەوە) باسی لە دیاردەی لاسایی و لاسایی کردنەوە دەکات ، پێیوایە دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم هەموو هەولێکی بۆ ئەوەیە کەنەتەوە کۆلۆنیکراوەکە بکاتە وێنەیەکی نادروستی خۆی واتە ( بە هی کردنە خۆ)، بۆیە بابا پێیوایە گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم بەو زمانە دواوە[١٩]، بەمەش ئەم گوتارە لەئامانجە هەرەسەرەکییەکانی بیری کۆلۆنیالیزمەوە بیگرە تا بجووکترین کاریگەرییەکانی ، لاسایی کردنەوە وەك یەکێك لە هەرە کاریگەرییەکانی دێتە ئەژمار، لێرەوە زاڵبوونی کۆلۆنیالیزم و دەسەلاَتەکەی شەرعیەت وەردەگرێ و خۆی دەکاتە نوێنەرو نمایندەی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە .

**گایاتری جاکراورتی سپیڤاك** ( Gayatri Chakravorty Spivak):

یەکێکە لەنووسەرو قەڵەمە دیارەکانی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم، هاوشانی ئیدواردسەعید سەرنج و خوێندنەوەی بۆ دەرکەوتەکانی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم هەیە، بەلاَم زیاتر لە بواری فیمینیزم و بەرگیری کردن لەم بزاوتە سەرنجەکانی دەربریوە،پێیوایە خۆرئاوا خوێندنەوەیەکی سیاسیانەی دەربارەی ژنی خۆرهەلات هەیە،وایدەبینێ ئەو زوڵمەی کۆمولگای خۆرهەلاَتی لە ژنی کردووە بەهەمان پێوانە ئەو تێروانیینە سیاسیانەی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ ژن هەیەتی زوڵمی لێکردووە،چونکە ئەو دەنگ و رەنگەی خۆرئاوا بۆ ژنی خۆرهەلاَتی فەراهەمی کردووە، دەنگ و زمانی ئەو نین، بەمەش ئیسپواك چەقی قورسایی خوێندنەوەکانی بۆ مەسەلەی ژن لەدیدی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە، وەستاوەتە سەر چەمکی( ژێر دەستە) ( subaltern) ،ئەو چەمکەی لە ئەنتۆنیۆ گرامشی وەرگرتووە، ئەمەش بۆ ئەو چینە دەگەرێتەوە کە لەژێر چنگی دەسەلاَتی زاڵدایە،بەمەش چینێك بە هۆی رەگەز و جنسەوە لە مافەکانی نێو کۆمەڵگا بێبەش دەبێت . لێرەوە سەرنجەکانی سپیڤاك خۆیان دەردەخەن و وایدەبینێ داگیرکەران و دەسەلاَتی زاڵ ، تا ئەو شوێنەی دەنگی ژێردەستەکانیان خنکاندووە ، ئیتر شوێنێکی بۆ قسەکردن نەماوەتەوە، سپیڤاك بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی لە ژێرناونیشانی ( ئایا ژێردەستە قسە دەکات؟) نووسیوە[٢٠]، لەم کتێبەیدا باس لە دیاردەی ژنی ژێردەستەو دەنگ هەڵبرینیان دەکات ،پێیوایە دەنگ و رەنگی ژێردەستە سەرباری شکاندنی هەموو کۆت بەندەکانی کەلتووری کۆمەڵگا ،ئەگەر بێتە گۆ ، ئەوا هەر نابیسترێ ، بەمەش ئاماژە بەدیاردەی دەنگ و قسە و پەیوەندی بە شوناسەوە دەکات، بۆیە پەیوەستی دەکات بەواقیعی ژن خۆیەوە ،پێیوایە دەنگ و قسە دیاردەن بۆ شوناس،بەمەش

شوناسی هەر ژنێك نەتەوەو زمانەکەیەتی ([٢]). داگیرکەران کاتێك ڕۆژهەلأتیان داگیرکرد بەکەشتییەکانیانەوە پەرتوك و نووسراوە مێژوویی و کەلتووری نەتەوەیی ڕۆژهەلأتیان لەگەڵ خۆیان برد و دەنگ و شوناسێکی تریان خستە شوێنی .

**بەشی دووەم /پراکتیکی**

**کەلتوور و دەرکەوتەی لە نێو ڕۆمانەکە:**

لەکۆمەلگا مۆدێرن و نەریتگەراکاندا، تاك سەرچاوەی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەلگایە ، کۆمەلگاش لەشێوەگرتنی کەسایەتی ڕۆڵ دەبینێ، لە کۆمەلگای نەریتیدا تاك پەراوێزەو کلتوور و کۆمەڵ بە سەنتەر (ناوەند) کراوە، بەمەش کلتووری کۆمەلگای نەریتی پتر کاریگەری بەسەر تێڕوانین و شێوەی بیرکردنەوەی تاك دەنوێنێ و تاك پتر بەدوای ناسنامەی خێڵ و هۆزو تایفەدا دەگەڕێت ، هێندە بەدوای ناسنامەی کەسییەتی خۆیدا ناگەڕێت، بەمەش تاکێك بەرهەمدەهێنێت لەناو (کۆ) بژێت و ( خۆ) فەرامۆش بکات و خۆی رادەستی قەدەری کەلتوورو داب و نەریتی کۆمەلگا بکات . لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلأڵە)ی عەتا نەهاییدا ،جیاوازییە کەلتوورییەکان زۆر بەروونی خۆیان دەردەخەن، ئەم ڕۆمانە پوختەی ژیانی ژنێکی کورد ، لە نێو دوو کەلتووری جیاوازدا باسدەکات هەروەکو چۆن یەکێك لەپرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم بەتەوەرکردنی دووکەلتوری جیاوازەو پاشان بالأنیشانداان و سەپاندنی کەلتووری ڕۆژئاوا بەسەر کەلتوورەکانی تری نەتەوە جیاوازەکان بەئەرکی خۆی دەزانێ . هەلأڵە کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە و کچی خانەوادەیەکی بەناوبانگی وەکو (حمە ڕەشید ئاغا و سعادەت خانم) ە، ئەم کچە پەروەردەی ژیانی لادێنشینی و کەلتووری ڕۆژهەلأتیانەیە، باوکی پاش تێکەڵ بوونی بەشۆڕشی چەکداری و خەباتکردن لەپێناو خاك ونیشتماندا،کچ و کورانی ئەم خانەوادەیە هەمان ڕێچکەی باوکیان بۆ خزمەتکردنی نیشتمان دەگرنەبەر ، لەنێو شۆڕشدا هەلأڵە دەبێتە کادیری بەشی ڕاگەیاندن و لەرادیۆی شۆڕش کاردەکات و لەم ماوەیەدا کوڕێك دەناسێ بەناوی (برایمۆك) ،دوای ماوەیەك دەبنە خۆشەویستی یەکترو ڕازو نهێنی دەکەوێتە نێوانیانەوە، پاشان لەشاخ بەهۆی ڕەنوێی بەفرەوە برایمۆك دەکەوێتە ژێر بەفرەوەو دەمرێت، سەرەنجامی خۆشەویستی هەلاڵەش بەنامرادی دەگات ، هەرچەندە باوکی هەلأڵە چارەی برایمۆکی خۆشنەدەویست بەلأم لەبەر هەلأڵە بێدەنگی لێدەکرد، دوایی مردنی برایمۆك و ئالۆزبوونی بارودۆخی وولأت و تێکچوونی نێوان حکومەت و شۆڕش ، حمەرەشید بڕیاری جێهێشتنی نیشتمان دەدات ، شەوێك بەناچاری ماڵ و منداڵەکانی لەو شوێنەی لێی دەژیان بەیارمەتی چەند هاورێیەکی دەگوازێتەوەو هەلأڵە و کاروانی کوری حمە ڕەشید ئاغا بڕیاری چوونە دەرەوەی وولأت دەدەن، سەرەنجام هەلأڵە لە وولأتی سوید دەگیرسێتەوە . لەرێگای نەسرین خانی مامۆژنی هەلأڵە،کە چەند سالێکە لەدەرەوەی وولأت دەژین ، سعادەت خانمی دایکی هەلأڵە لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ژن لە کەلتووری ڕۆژئاوا ئاگادار دەکرێتەوە ، بەوەش باوکی هەلأڵە دەکەوێتە پلاندانان بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت کوڕێکی کوردی پەروەردە بوو، بە کەلتووری ڕۆژهەلأتی بۆ کچەکەیان بدۆزنەوەو شووی پێبکات ،بەمەش داوا لە کوڕێك دەکات بەناوی (شێرزاد)، پاسەوانی خۆیەتی و هەوڵی ڕازیکردنی دەدات بەوەی بچێتە وولأتی سوید و کچەکەی بخوازێت و ببێتە هاوسەری ژیانی ،هەر چەندە لەسەرەتادا هەلأڵە ئاگاداری ئەم جۆرە کارە نییە چونکە باوکی هەلأڵە داوا لە هەلأڵە دەکات کەوا یارمەتی

ئەو کورە(شێرزاد) بدات بۆئەوەی لەرێگای چەند بەڵگە نامەیەکی ساختە ئەو کورە بکاتە مێردی خۆی و بیگەینێتە وولاّتی سوید . هەلاّلەش لەسەر داواکاری باوکی ئەم کارە دەکات ، سەرەنجام هەلاّلە و شێرزاد دەبنە ژن و مێردی یەکتر .لێرەوە جیاوازییە کەلتوورییەکان سەرهەڵدەدات ، کەتەواوی رۆمانەکەش چەقی قورسایی خستۆتە سەر ئەم جیاوازییە و شێوەی ژیانی هەلاّلە و شێرزاد، کێشەکان لە چۆنیەتی ژیان و رەفتارەکانی هەلاّلەوە دەست پێدەکات . رۆماننوس لەرێی رۆمانەکەیەوە، هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمی لە دووتوێی دەقێکی رۆماندا وێناکردووە ،کەتیایدا یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی ئەم گوتارە لێدانە لەکەلتووری وولاّتانی کۆلۆنیکراو ، بەواتای دەرخستنی رووە ناشرین و ناچیزەکانی ئەو کەلتوورەیە ،کەوا دەستێکی بالاّی لە دواکەوتن و سەرپێنەکەوتنی کۆمەڵگادا هەیە، بەمەش خاڵە گەش و جوانەکانی کەلتووری ئەویدیکە زەقدەکرێتەوەو بەجوانترین شێوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەمەش جۆرە تێفکرینێك دروست دەکات کەوا کەلتووری رۆژهەلاّتی زمانی خوێن و شمشێرەو جێگای برواومتمانە نییە،کەچی لەبەرامبەریدا کەلتووری رۆژئاوایی زمانی مەعریفە و پێگەیاندنی تاکە لە گشت کایەکاندا،تەنانەت ئەو سالاّنەی هەلاّلە بەتەنیا لەسوید ژیاوە تێکەلاّوی کەلتوورەکەیان بووەو هەمان تێفکرین و رەفتاری ئەوانی نواندووە،کاتێك شێرزاد لەچارەنووسی ئارەزووی کچیان لە هەلاّلە دەپرسێ ((ئەو لێرە گەورە دەبێ و لێرەش مندالّ،کچ بێت یان کوڕ، بگاتە هەژدە سالّ یاسا مافی ئەوەی دەداتێ دایك و باوکی بەجێبێلێ و بروات شوێن ژیانی خۆی بکەوێت))[٢٢] ،ئەم شێوە ژیانە بوەتە کەلتوور و تەواوی تاکەکانی پێی راهاتوون کەچی بۆ شێرزادی پیاوی هەلاّلە نامۆیە و ناتوانێ قەبولی ئەم شێوە ژیانە بکات ناچار زۆربەی کات کێشەو ململانێیەکانی نێوانیان لەئەنجامی جیاوازییە کەلتوورییەکانەوە سەریهەڵدەدا، تەنانەت شێرزاد دەیگوت:(( من لەیاسای ئەم ولاّتە دەرپم .ئەویاسایە من و ژن ومندالّی من ناگرێتەوە))[٢٣] . رۆماننوس لەرێگای خۆشەویستی نێوان هەلاّلەو برایمۆك و بەنامرادگەیشتنی ئەم دوو خۆشەویستەو پاشان لەقەدەرو چارەنووسێکی نادیاردا هەلاّلە و شێرزادی کۆنە پێشمەرگەی باوکی دەست لەملانەی ژیانێکی تازە دەکەن ، نووسەر خۆی خزاندۆتە نێو باس و بابەتێکی دیکە ،کە کەلتوورە جیاوازەکان بەربەستن لەبەردەم تێروانین و دنیابینینی تاکەکان ،ئەمەش هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمە بۆکۆمەڵگا و کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان ، چونکە لەم جۆر کۆمەڵگایانەدا(کۆمەڵگای رۆژهەلاّتی) تەواوی پانتاییەکانی ژیان و کایە و پێکهاتەکانی لەژێر کۆنترۆلی کەلتوورو داب و نەریتەکانیدان ، بۆیە هیچ هێزێك و کایەیەکی کۆمەڵگا خاوەنی ناسنامە و شوناسی خۆیان نیین، رۆماننووس لەسەر زاری مەجیدی برای هەلاّلە هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمی بۆ کلتووری رۆژهەلاّتی نیشانداوە و ئەم کلتوورەی بەمەترسی زانیووە،((هەلاّلە خوشکی من قوربانی ئەم کەلتوورەیە.ئەو قوربانی جەنایەتێکە کەلەم کەلتوورەوە سەری هەڵداوە. ئەم جەنایەتە دەبێ زۆر زیاتر لەمانە بەجەستەبکردرێتەوەو ریسوابکردرێت))[٢٤] لەو کۆمەڵگایانەدا یەك دنیابینی و یەك تێروانین بۆژیان و گۆرانکاری و مۆرالّ هەیە،بەمەش یەك حیکایەت کە کەلتوور ئاراستەکەرییەتی تەواوی مرۆڤەکان لەنێو چوارچێوەیەك قەتیس دەکەن ، قەدەر تیایدا قسەکەرو سەروەرەو، دەستە پاچەو ئەبلەقن لەبەرانبەر کەلتوورەکانی دەرەوەی خۆیان ، پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە کەلتووری رۆژهەلاّت لەرێگای دەسەلاّتەکەیەوە پانتاییە ژیارییەکان و جیهانبینیە جیاوازەکان دەکوژێت و لەچوارچێوەی هەژموونێکی دۆگمایی، تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا ئاراستە دەکات ، بەناوی داب ونەریتەوە تەواوی تاکەکان جڵەو دەکات و سەرجەم تێروانیینە جیاوازەکان لەناودەبات، بەمەش کەلتوور هەموو هەولێکی بۆ ئەوەیە تەواوی تێروانینە جیاوازەکان بەشێوەیەك بخاتە ژێرکاریگەریەکانی داب و

نەریت و رەوشت و پرەنسیپەکۆمەلآیەتییەکانی خۆیەوە، بۆ بەردەوامیدان بە دۆخێکی وەها پێویستی زۆری بە ستەمکاری و سەرکوتکردنی سەرلەبەری ئەو رەنگ و دەنگانەیە،کە تێروانین و حیکایەتی دیکەیان بۆ دیاردەکان و ژیان هەیە . لەنێو رۆمانەکەدا زۆر بەرونی ئاماژە بەچوونەژێرباری کەلتووری رۆژئاوا لەرێگەی کردەی (بەهی کردنە خۆ) ناچاربوونە بەهەلگرتنی ناو و ناسنامەی جیاواز لەناو ناسنامەی راستەقینەدا،بەمەش هەڵهاتنە لە کەلتوورو شوێنکاتی نەخوازراو بەرەو شوێنکاتی خوازراو ،جیاوازییەکە لەوەدایە پشتکردن لە کەلتووری رەسەن و ملدان بۆ کەلتوورێکی تر ،توورهەڵدانی رابردووە، لەکاتێکدا رۆماننووس پێیوایە باوەشکردن بەکەلتوورێکی ترلەهەوڵی نەگەراندنەوەی زولم و زۆرە، کە بەدرێژای مێژوو لەژێر کەلتوورێکدا لێیکراوە،((ئەوەچارەنووسی تۆیە هەلآڵە،کە خەنجەرێك شاخەو شاخ ،شارەوشار ولآتەو ولآت شوێنت بکەوێ،تا لێرە لە ستۆکهۆلم ،لەگەرەکی فلەمینسبیرگ ،لەنهۆمی چوارەمی باڵخانەی ژمارە هەژدە لەسنگت بچەقێ))[٢٥] بەمەش زۆربەی جار تاك لەبارەی رۆڵی خۆیەوە لەنێو ئەم کەلتوورەدا جەخت لەسەر بێ دەسەلآتی خۆی دەکاتەوە، کە بریتییە لە هەستی بێئومێدی و شکست ، هەر ئەم هەستەی مرۆڤە بەهای مرۆیی خۆی لا کەمدەبێتەوەو لەژیان بێهیوا دەبێت ،بۆیە باوەشکردن بەکەلتووری رۆژئاوایی بەرێگە چارەو تەنها چارەسەر لەبەردەمیدایە بۆئەوەی هەم رزگاری بێت لە خودێکی بێ توانا لەبەرەنگاربوونەوەی ژیانی نەریتگەرایی و شکستخواردوو لەبینینی رۆڵی تاکانەی خۆی لەنێو کەلتووروکۆمەلگاکەیدا ، بەمەش باوەشکردن بەکەلتووری رۆژئاوایی بۆ تاکی رۆژهەلآتی مانای کرانەوەی دەرگای هیوایە .بۆیە رۆماننوس زۆر بەروونی لەسەر زاری هەلآڵە ئەوجیاوازییە کەلتوورییە دەردەخات و دەڵێت:((کارێکی باشت کرد هاتی بۆ ئێرە،ئێرە جگە لەوەی کە زۆر خۆشە،شوێنی خۆپێگەیاندن و بەختەوەریشە))[٢٦] ،مەبەستی نووسەر لەوەدایە کەوا رۆژهەلآت دۆزەخێکە هیچ ترسکاییەکی ژیانی بۆ تاك پێ نییە،لەبەرانبەردا کەلتوورو کۆمەلگایەکی دیکە هەیە، کەوا تاك تیایدا سەربەستەو مافی بوون وئازادی رادەربرین و ژیانی هەیە،ئەمەش بۆ خۆی وێنەیەکە لەو وێنانەی سیاسەتی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ رۆژهەلآتی کێشاوە. ئەم رۆمانە باس لە نەهامەتی تاکی کورد دەکات ،کە بەدرێژای مێژوو پێیەوەگیرۆدە بووە،چەقی قورسایی ئەم رۆمانە باسکردن لە کەلتوورو سیاسەت ،کە بەردەوام تاکی کورد گیرۆدەی کەلتوورێکە دەسەلآتی خۆی تێدا دۆراندووە، بۆیە لەو کۆمەلگایانەی کەلتوور بالآدەستە چارەنووسێکی دیاریکراو بۆ تاکەکان دەستنیشانکراوە، بەمەش نووسەری رۆمانەکە هەر لەسەرەتاوە بەچارەنووسی کەسایەتی سەرەکی (هەلاله) ژیاوی کەلتووری رۆژهەلآتە دەست بەگێرانەوەی رەوتی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی دەکات، تەنانەت بە گۆرینی شێوەو شوێنی ژیانیشی ناتوانێ خۆی لەم کەلتوورە رزگار بکات ، بۆیە عەتا نەهایی زۆر لێزانانە باس لەبەریەککەوتنی نێوان کەلتوورەکان و سیاسەتی ئاراستەکراوی کەلتووری دەکات . بەمەش پتر باس لە دەسەلآتی پیاوسالاری و بێمافی ژن وەکو وێنەیەکی کەلتووری رۆژهەلآتی دەخاتە روو، بەمەش نووسەر فەزایەکی خەڵقاندووە بۆ دەربرینی بیروراکانی بەمەش دوو خوشك و دوو دایك و چەندین کەسایەتی پیاو و ژن لەململانێدان و بەردەوام بەریەك دەکەون ، بۆیە دوو کەلتورو دووشوێنی جیاواز (کوردستان - سوید) ئاماژەی پێکراوە، نووسەر(عەتا نەهایی) هەوڵیداوە لەم نێوەندەدا پنتە جیاوازەکانی ئەم دوو کەلتوورە بەرچاو بخات،کەتیایدا فەزای کەلتووری رۆژهەلآتی فەزایەکی نێرینەییە، هاوشانی ئەم فەزایەش کەلتووری رۆژئاوایی (سوید) بە کەلتوورێکی نەرم و مرۆڤدۆست وێناکراوە، رۆماننووس لەسەر زاری شێرزادەوە ئەمەی نیشانداوە((راستت بوێت ،منیش بەشوێن بەختەوەری کەوتووم،هەلآڵە .تەمەنای گەیشتن بەبەختەوەری منی

گەیاندۆتە ئێرە))[٢٧] ،ڕۆماننووس مەبەستیەتی جیاوازییە کەلتوورییەکان کەوا پۆستکۆلۆنیالیزم جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەمیش بەهەمان شێوە ئەو وێنە نیشانداتەوە بەتایبەتی لەم کەلتوورەدا(ڕۆژئاوا) تاك لە شێوەو چۆنیەتی گوزەرانی ژیانی ئازادە .

ڕۆماننووس لەنێو ڕۆمانەکەیدا،کەلتوور بەزادەی هەلۆمەرجی ئاینی و کۆمەلآیەتی و مەعریفی کۆمەلگە دەزانێ،پێیوایە بەرهەمی بەریەککەوتنی هێزەکان و ئاکامە جیاوازەکانە، لەبەرئەوەی کەلتوور هەلقولآوی هەناوی کۆمەلگەیە و ڕێکەوتە سەیرو سەمەرەکان دروستیان نەکردووە،بەلآم لە کۆمەلگەی ڕۆژهەلآتدا کەلتوور خۆی دەبێتە ڕێکەوت و لەقەدەری ئەو ڕێکەوت و دووبارەبوونەوەیی خۆیدا، ژیان بەتاك دەبەخشێت،کاتێك دایکی هەلآلە لەزاری خێزانی مامی هەلآلەوە دەبیستێ، کەوا هەلآلە بەتەنها لە خانوویەکدا دەژیت ، ئارامی نامێنێ و دەکەوێتە بیرکردنەوە بۆئەوەی لەکوردستانەوە شوویەك (مێرد)ێکی بۆ پەیدا بکەن ، تا ڕۆژێکیان باوکی هەلآلە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوا لە هەلآلە دەکات کەوا کاتی خۆی کورێکی لای پێشمەرگە بووەو ئیستا دەیەوێ لە ئەوی مارەبکات و هەلآلە بۆ لای خۆی بیبات(( بەروالەت شووی پێبکەیت .یەعنی لەسەر کاغەز خۆتی لێ مارە بکەیت و ئەوسا داوەتی بکەی ))[٢٨]، تاك لەم کۆمەلگەیانەدا سەرکوتراوەو ترسێنراوە،ئەمەش پەیوەندی بە کەلتوورو ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە هەیە، هاوکات برێك شەرەنگێزی و بەرەنگاربوونەوەی لەگەلێ خۆیدا هەلگرتووە ، لەم کۆمەلگایانەدا ملکەچکردن بۆ دەسەلآت ونەمانی ئینتیما ئامادەیی هەیە ، کە بەروالەت لە ژیانێکی مۆدێرندان و لەناوەرۆکیدا شێوە ژیانێکی خێلەکی دەژین ، کە بێبەشن لەهۆکارەکانی ژیانێکی کامەران و لەرێگەی بەدەستهێنانی ئەوکامەرانییەدایە ،کەئیدی ئینتیما لەدەست دەدەن(( هەلآلە ئەگەر ئەو هەوالە بگاتە ئێرەو خەلك بیبستنەوە کەتۆ بۆ پیرەمێردێك حاشات لەمێردەکەت کردووە، باوکت دەبێ ڕووی خۆی ڕەش بکات و ئەم ولآتە بەجێبێلێت))[٢٩] ،لەکەلتووری ڕۆژهەلآتدا ،سەرکەوتن و ژێرکەوتن، شکۆیی و شەرەفمەندی لەئەستۆی تاك نییە و بۆتاك ناگەرێتەوە، بەلکو پاراستنی کەلتوورو داب و نەریتی کۆمەلگە ئامانجەو تاك ئامرازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە،لەم جۆرە کەلتوورو کۆمەلگەیانەدا بەبەرنامەوە کار بۆ بزربوونی ڕۆلی تاك دەکرێت .

ئەم ڕۆمانە جەوهەری ناکۆکییەك بەردیدەدەخات کە خودی کەلتوور بەبەرپرسیار دەزانێ و هەلگری کۆمەلێك جیاوازی هەمەرەنگە ،بەمەش ڕۆماننوس تاکی ڕۆژهەلآتی وەك بوونەوەرێکی کەلتووری و کۆمەلآیەتی ،ئاوێتە بەژیارییەکی ناوچەگەری کە هەلگری کۆمەلێك جیاوازی ڕەوشتی و ئاکاری و ئاینییە، بۆیە باس لە کەلتووری کۆمەلگایەك دەکات ،کەوا هەلگری جیاوازییەکانی خودی خۆیەتی لەبەرامبەر بوون و قەوارەی کەلتووری ئەوانی دیکە،هەرچەندە ڕۆماننووس باس لەداب و نەریتێك دەکات ،کەتەنها زمانحالی هەلسوکەوتە کۆمەلآیەتی و ژیارییەکانی تاکی ڕۆژهەلآتی نییە، بەلکو ڕۆماننووس بەتەواوی ڕووئەچێتە کونجە تاریك و لابەلاکانی شارستانییەتی ڕۆژهەلآتی ،کەکاتێك دەربارەی کەلتووری ژن کوشتن، یەکێك لەرۆژنامەکانی ولآتی سوید لەسەر ئەم پرسە دەنووسێت(( ئەو کەسانە کەپاش سالەها دابران لەکۆمەلگە و کەلتووری ڕۆژهەلآتیناوەراست و پاش سالەها ژیان لەناو کەلتوورو کۆمەلگەی ڕۆژئاواییدا،ئاوا بەسووك و ئاسانی دەستیان دەچێتە ژن و مندالەکانی خۆیان ،بێگومان لەوە سوك و ئاسانتریش دەستیان دەچێتە ژن و مندالەکانی ئێمەش))[٣٠]،بەپێی پرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم نووسەر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کەوا ناراستەوخۆ کەوتووینەتە ژێرکاریگەرییەکانییەوە بۆیە بەئەرکی تاك دەزانێ لەم سەردەمە نوێیەدا، نزیك بوونەوە لەمەوداو ڕەهەندە جیاوازەکانی کەلتووری ئەوانی

دیکە،گەلاڵەکردنی مانفێستێکە بۆ پرسیارگەلێکی هەنووکەیی لەژیان و مێژووی رابردوومان،بەمەش دیالۆگێکی کەلتووری دەسازێ بۆ نزیکبوونەوە و وەرگرتنی کەلتووری ئەوانی دیکە و پاشان خودێکی بەرپرسیار لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو ژیاری دێتە بەرهەم ، چونکە رۆماننووس پێیوایە کەلتووری رۆژئاوایی زمانی تەکنەلۆژیایەو لەسەر ئاستی جیهان رۆڵێکی کارای هەیە .لەنێو رۆمانەکەدا نووسەر فەزایەکی بۆ جیاوازییە کەلتووریرکان سازاندووەو تیایدا بەهایەکی مرۆییانەی بەکەلتووری رۆژئاوا بەخشیوەو شارستانییەت بەبێ بوونی ئەو فەزا کەلتووریە بوار بۆ ژیان دەستەبەر ناکات ،کەلتوورێك ماکەکانی دووبەرەکی تێیدا وەلانراوەو وێنەیەکی زۆر رەونەقداری بۆ سازاندووە ،بەهاترین واتای پێبەخشیووە، بۆیە نووسەر ژیانی تاکی رۆژهەلاتی کردۆتە کالایەك و رۆمانەکەی پێرازاندۆتەوە، بەمەش چەمکەکانی وەکو دیموکراسی و پێکەوەژیان و دادپەروری و لێبووردەیی ....هتد ،کردۆتە شوناسی کەلتووری رۆژئاواو ،لەدەرەوەی کەلتووری رۆژئاوایی بەهایەکی بۆ ژیان نەهێشتۆتەوەو ئەمەش پیرۆزییەکە ، کەچی لەوێنەیەکی تریدا رۆماننووس کەلتووری رۆژهەلاتی بەبوغزاویی و مێژوویەکی پڕ لەململانێ و یەکتر نەخوێندنەوە وێنە کردووە،بۆیە هەلاڵە دەلێت: ((باوکم دەیگوت دوژمنداره . دەیگوت زۆر کەس لەبۆسەیدا دانیشتوون تا فرسەتێکیان بۆ هەڵکەوێت و زەفەری پێ ببەن.شتێکی بچووك لەخۆی یان ژن و منداڵەکەی گەورە بکەنەوەو حەیای ببەن ))[31] ، کۆمەڵگەیەك کەلتوور بکاتە گوتارو ئەو حیکایەتەی، کە دەبێ تاکەکان لەدەوری کۆببنەوە،کۆمەڵگەیەکی پڕکێشە و تاکێکی دڵرەقی لێوەبەرهەمدێت ،ئەمەش ئەو ئامانجەیە پۆستکۆلۆنیالیزم دەیەوێ پێی بگات و لەگوتاری خۆیدا وێنای بکات . لەدیدی پۆستکۆلۆنیالیزم، پشت بەستن بەئایدۆلۆژیاو کەلتووری رۆژئاوایی ،کە وەکو بنەمایەکیش لەنێو رۆمانەکەدا بوونی هەیە و بەسەر تەواوی رۆمانەکەشدا زاڵە ، ئەوەیە کەوا باوەشکردنەوە بۆ وەها دۆخێك ئەوا خودێکی بالا لەسەر شکستی ئەویدیکە دروست دەکات .

نووسەر دنیایەکی گەشی بۆ ژیان و کەلتوورو سیستمی رۆژئاوا نەخشاندووە،بەمەش سەرەتاکانی بزاوتن و جووڵە دەباتەوە بۆ رۆژئاواو، کلاورۆژنەیەك بۆ ژیان و گەلانی تری رۆژهەلات ناهێلێتەوە،کەرۆڵیان لەبنیاتی ئەو شارستانییەتەی ئێستادا هەیە، بەلکو هەمووی کردۆتە میراتێك و پەیوەستی کردووە بەبارێکی مێژوویی و کەلتووری و ژیاری، هەموو دەستکەوتە بەپێزو جوانەکانی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو کردۆتە بەهای بالای کەلتووری رۆژئاوایی ،ئەمەش پتر سەندنەوەی ئەو رەهەندە مرۆییانەیە،لەنەتەوەو کەلتوورەکانیان و سەرەنجام کەلتوورێکی رۆژهەلاتی بێ بەهای نەخشاندووە،((بەپێی نەریتێکی رۆژهەلاتی هەر باوکێك کچەکەی بەشووبدات،لەرۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەك لەشێوەی ئەم چەقۆیە بەدیاری دەدا بەزاواکەی، تاهەرکاتێك کچەکەی پێچەوانەی داب و نەریت جولایەوە،بەو چەقۆیە بیکوژێت))[32]،ئەمە سەردێری رۆژنامەیەکی سویدییە دوای رووداوی کوشتنی هەلاڵە بەم شێوەیە وەسفی کەلتووری رۆژهەلاتی کردوە،ئەمەش هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمە، هەروەکو چۆن هەژموونی کەلتووری خزاندۆتە ناو رەهەندە ژیارییەکان و کردۆیتیە تەنیا سەرچاوەیەك بۆ ژیان ، بەلکو بەوەش نەوەستاوەو کەلتووره جیاوازەکانی تری خستۆتە نێو قالب و لەچوار چێوەی داون و رێگەیان پێنادات لەناویەك شارستانییەت کە خۆی تیایدا بالادەستە ژیان بەسەر ببەن ،بەلکو ئێستا لەهەلوەشاندنەوەی هەمووکەلتوورەکانی تردایەو دەیەوێ بەتەنها یەك کەلتوور بالا دەست بێت، ناوەندێتییەکەی کەلتووری رۆژئاوا بێت و لەهەولی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی کەلتوری جیهانییە و پروپاگەندەی ئازادی بوون و سەربەخۆی بوونی ژیان بەگوێ تاك دەچرپێنێ . نووسەر هەولیداوە جیاوازییە کەلتوورییەکان لەبازنەیەکی

بەرتەسك قەتیس نەکات بەڵکو پەیوەستی سیاسەتی گشتگیری جیهانی کردووەو رەنگیداوەتەوە بەسەر تێروانیی دەسەڵاتی زلهێزەکانی جیهان ،مەترسییەکان لەوێوە سەرهەڵدەدەن،کە کاتێك کەلتوورێك دەیەوێت بازنە جوگرافی و مێژووییەکانی خۆی ببڕێت و هەوڵی خستنە ژێرکۆنترۆڵی کەلتوورێکی دیکەدا ئامادەنییە بوونی کەلتوورێکی دیکە قەبووڵبکات ،وێنەیەکی هۆشمەندی و ژیاری بۆ خۆی فەراهەمکردووە، وای دەبینێ کەوا کەلتووری نەتەوەکانی تر بچنە ژێر باڵی و بەسەروەری ئەو رازی بن . نووسەر لەوەسفکردنی چیرۆکی ململانێ خوێناویەکانی رۆژهەلاتدا ،وای نیشانداوە کەوا بێ تێفکرین و چوونە ناو سیستمی ئەقلی کەلتووری خۆرئاوا سەرکەوتنی بەهاو کەلتووری رۆژئاوایە بەسەر کەلتوورەکانی تردا ،(( ئەوە کارێکی هەڵەیە کە ئێمە ناتەواوییە کەلتووریی و نەریتییەکانمان لەخۆمان و خەڵکیتر بشارینەوە .لەکوردستان و لەناو هەموونەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەیان رەسم و داب و نەریتی لەم شێوەیە هەیە کە زۆر بەتوندی هەرەشە لەژیان دەکەن))[٣٣] ، نووسەر مەبەستییەتی ناتەواوییەکانی کەلتووری رۆژهەلاتی وێنابکات بە دژە ژیان و هەڵگری خەسڵەتی دووبەرەکییە و پێویستە بۆ ژیان چاو لەکەلتووری رۆژئاوا بکرێت .

**باوکسالاری و دەرکەوتەی لە نێو رۆمانەکە:**

باوکسـالاری (پاتریـارکی)، وەك زۆربـەی زاراوەی بـوارە جیاجیاکـانی تـر رەگ و ریشـەکەی دەگەرێتـەوە بـۆ شارستانێتی گریکی و رۆمانی[٣٤]،ئیتر دەبێتە زاراوەیەکی باو ، نووسـەرانیش لەبەرهـەم و ژانـرە ئەدەبییـە هەمـە چەشنەکان رەنگرێژی دەکـەن .ئـەم چەمکە وەکو بنەمایـەك لـە تیـۆری پۆسـتکۆلۆنیالیزمدا قورسایی خراوەتـە سەر،چـونکە لەرێگـەی ئـەم دیاردەیەوە،لـە هەوڵدایـە بـۆ خوێندنـەوەی نەتـەوە جیاجیاکـانی رۆژهـەلات، دیـارە مەبەستمان نەتەوەی کوردیش لـەم نێوەنـدەدا بێبـەری نـەبووە، پۆسـتکۆلۆنیالیزم بۆئـەوەی وێنەیـەك بکێشـێ و بیکاتە وەهمێك بۆشەرعیەتدان بەکارە داگیرگارییەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتیان، ئەمـەش زۆربـەی کـات ئـەدەب بەتایبـەت ئـەو ژانرانـەی گێرانـەوە تیایـدا باڵادەسـتە دەبنـە گوزارشـتکەری ئـەم شـێوە سیاسـەتە . ئاشـکرایە پۆستکۆلۆنیالیزم دۆخێکی سیاسیە بەڵام لەئەدەبیشدا خۆی نمایش کردووە.

کەواتە کاتێك دەڵێین باوکسالاری، مـەرج نییـە هـەردەم ئـەم زاراوەیـە گوزارشـت بێـت لـە دەسـەڵات و حکومی بـاوك، و هـەر لـەم چوارچێوەیەدا قـەتیس مابێـت، بەڵکوهـەموو ئـەو تاکانـەی وەك بـاوك، یـاخود نێرینـە بـیر دەکەنەوەو خۆیان بەسەردار و ئەوانیدی بەژێردەستە دەزانن، و لەخەمی ئەمەدان چۆن هەژموون و دەسـەڵاتیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن، و خۆیان بەسەربەخۆ و ئەوانی دیکە بە پاشکۆ بزانن خۆی نواندووە . باوکسالاری چەمکێکە سەروکاری لەگەڵ زۆربەی بوارو کایە و بابەتەکانی ژیاندا هەیە، واتە لەهەر زانستێکدا بـۆ باوکسالاری بگەرێین دەتـوانین شـوێنپێی بـە ئاسانی هـەڵبگرین، بەمـەش بـە ئـەنجامێك دەگـەین کـە باوکسـالاری چـەمکێکی گشتگیرە و بەزۆربەی زانستەکانی تر شەتکدراوە بۆ نموونە دەتوانین هێڵە گشتییەکانی باوکسالاری لە سیاسەت و ئـەدەب وکۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و زمانناسـی و مرۆڤناسـی و زایەندناسـی و...هتـد بدۆزینـەوە. واتـە هـەر توێژەرێك بـە پێـی مەیـدانی کارکردن و پسپۆرییەکەی دەتوانێـت باوکسـالاری بخاتـە چوارچێوە پسـپۆرییەکەی خۆیەوە، و هێڵە تایبەتەکانی ئەم چەمکە بەدیار بخات.

لـەنێو رۆمانەکەیـدا رۆمـانووس وێنـەی گۆمەڵگایـەکی باوکسـالاری نەخشـاندووە ،کەتیایـدا زۆر بـە زەقـی دەسەلات و خۆسەپێنی پیاوی نیشانداوە ، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێویستە ژن قسەو بریـاری خـۆی هـەبێ،

کەچی باوکەکان لە شوێنی ئەوانەوە قسەکەر و بریاردەرن ، ئەمەش یەکێکە لەپرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم کە لەسەر بنەمای ئەودیی سازی خۆی بنیاتدەکات ، پۆستکۆلۆنیالیزم لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا ساناتر برگە و بنەماکانی خۆی دەچەسپێنێ چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە فەزای لەباریان هەیە بۆ ئەوەی بەسانایی کار لەسەر رەوتی گۆرین و تێفکرینیان بکرێ ، بۆیە ئامانجی پۆستکۆلۆنیالیزم ئەوەیە لەرێگای دەسەلاتێکی زاڵ ، نەخشە و رێگایەك بۆ ژێر دەستە دیاری بکرێت و بۆی ببێتە بەرنامە و پرۆگرامێك ،هەروەکو چۆن سیاسەتی پۆستکۆلۆنیالیزم بریتییە لە دەنگ و رەنگی نەتەوەی ژێردەست ، بەهەمان شێوە رۆمان نووس هاتووە دەنگی باوکی هەلاڵەی بەسەر تەواوی شێوەی ژیانی هەلاڵە زەق کردۆتەوە بەرادەیەك دەستنیشانی هاوسەرێك بۆ هەلاڵە بەبێ خواستی خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەو کۆلۆنیالیزمەی کە باوك و هزری کۆمەڵگای باوکسالاری باوەریان پێیەتی، (( کچم باش بیر لەقسەکانم بکەرەوە،ئێمە بەرامبەر بەیەکترو بەرامبەر بەو کەسانەی کەخزمەتیان پێکردووین بەرپرسین،بەرامبەر بەژیان و داهاتوویان بەرامبەر بەمان و نەمانیان)) [٣٥]، ئەم رۆمانە نیشاندەری ئەو راستییە،کەلە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا، هەر پیاوەکان ڕووبەڕووی ژنان نابنەوە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەکە سەر دەکێشێت بۆ نێوان پیاوەکانیش، پیاوێك یاخود کۆمەڵێك لەپیاوان دەیانەوێت هەرچۆنێك بێت هەژموونی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن لەڕێی هێز و بازوو توندوتیژی و کوشتارەوە، لێرەشدا هەر لەخۆوە بەشی ژنان دەبێتە پەراوێزخستن، بەبیانووی ئەوەی لە هاوکێشەیەکی لەمشێوەیەدا شتێك نییە گوزارشت لە هێز و بازوو و دەسەڵاتی ژن بکات، و بەهۆی نەبوونی ئەو هێز و بازوو و دەسەڵاتەی کە پیاوان گەرەکییانە ڕەوشێکی مەترسیدار بۆ ژنان دەسازێنن ، واتە پیاوان بەتایبەت ئەوانەی دەرچووی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارن، کۆمەڵێك ناو و نازناو و پێگە و چەمك و زاراوە و وشەی وەك قارەمانێتی، سوار چاکی، ئازایەتی، بەجەرگی، پاڵەوان، سەرکردە، جەنگاوەر، پیاوەتی، برایەتی.......هتد، دەتاشن، بۆ ئەوەی هێندەی تر دەسەڵاتی نێرانەی خۆیان بسەلمێنن، و لە بەرامبەردا لەپێگە و ڕۆڵی ئافرەتان کەم بکەنەوە، لەم ڕووە ئافرەتان باجی قەبە و قورسیان داوە، بەچەشنێك باجی پیاوەکانیش لەسەر ئەمان هەژمارکراون . ئەم رۆمانە درکی بەوە کردووە کەوا لە کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکاندا باوکسالاری لەئەوپەڕی ترۆپك دایە، و بەڕادەیەك کە هیچ مانایەکی بۆ تێفکرین و دنیابینی ژن ناهێڵێتەوە وەك مرۆڤێك ، خودی ئافرەت تەنیا دەرهاویشتەی حەز و ئارەزوو وروژاوەکانی سێکسیە ، هەموو بوونێکیان لەجەستەدا چڕ کردۆتەوە .

لە تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمدا هۆ و ئەنجام هەیە دیارە ئەمەش بۆ سیاسەت و تێفکرنی نەتەوە سەردەستەکان دەگەرێتەوە،کە هۆی داگیرکردنەکە پەیوەندی بە باری ئابووری و دۆزینەوەی پانتایی بازارو ساغکرنەوەی کالاکانیەتییان ، ئەنجامەکەشی لەرێگای پرۆسەی کۆلۆنیالیزمەکەوە خۆی بەیاندەکات ،بەهەمان شێوە رۆماننووس هاتووە ئەم وێنەیەی خستۆتە دوو توێی رۆمانەکەیەوە و لە هەوڵی شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە،بەمەش رۆماننووس ئەم وێنەیەی گواستۆتەوە بۆ بارێکی دیکە و لە هاوکێشەی باوکسالاریدا جێگەی بۆکردۆتەوە،بۆیە نووسەر لەکەسایەتی شێرزاددا ئەم وێنەیەی بەرجەستەکردووە،(( ئەو ساتەوەختەیەکەدەبوو هەلاڵە تیالەباوەش بگرێت، لەشی نەرم و ناسکی لەباوەش بگرێ، هەلاڵە ئێستا لەسەر چرپاکە راکشابوو،لەشی گەرم و رووتی ،شل و شەکەت لەسەر چرپاکە کەوتبوو)) [٣٦] ، لێرەدا نووسەر شێرزادی وەکو کەسایەتی سەرەکی نێو رۆمانەکەی نیشانداوە ، کەوا هەمیشە خەیاڵی کردووە جەستەی هەلاڵە بۆ مەرام و

لەزەتی خۆی بەکاربێنێ ، کەتیایدا تێڕوانین و دیدگەی نێرینە بۆ مێینە دەتوانین بە پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجامەکەی بچوێنین کە لەم پەیوەندییەدا مێینە دەبێتە هۆ و هۆکار، و نێرینەش دەبێتە ئامانج. نێرینە دەیەوێت بەشێوازێکی وا نەرێنی لەسەر مێینە کار بکات، کە دایکایەتیشی پێ ڕەوا نەبینێت، لە کاتێکدا دایکایەتی لەلای ئافرەت بەر لەوەی گوزارشت بێت لەشادی و شکۆیی، بەدرێژایی تەمەنی ئەو ئافرەتە ئازار وناخۆشی و بەرپرسیارێتیەکی قورسە ، بەڵام دەبینین وەك پێویست ئەم ئەرکە قورسەی ئافرەت مایەی گرنگیدان و بایەخی پێدان نییە، بەمەش نووسەر دڵرەقی پیاوی رۆژهەڵاتی بە جۆرێك وێنەکردووە،کەتەنانەت لەبەر چاوی منداڵە پێنجساڵییەکەی(ئارەزوو)، شێرزادی پیاوی هەلاڵە، هەلاڵەی خەڵتانی خوێن دەکات،بەدەم هەنسك و ئاخ کێشانەوە دەڵێ: (( کاری باشت نەکرد شێرزاد ،لانیکەم نەدەبوو لەبەرچاوی ئەو منداڵەدا))[٣٧] لێرەدا نووسەر هەمان وێنەی بەکارهێناوە کەوا لەپۆستکۆلۆنیالیزمدا بۆ پیاوی رۆژهەڵاتی وێناکراوە،کە ئەویش دڵرەقی و لەزەت بینینە لەرشتنی خوێن و کوشتن ، دیارە نووسەر ویستوویەتی لەرێگای کارەکتەرەکانییەوە راستی وێنەکان بسەلمێنێ،ئەمەش ئەو هو و ئەنجامەیە کەوا پۆستکۆلۆنیالیزم لەرێگای نووسین و ئەدەبیاتەوە بەردیدەی تاکی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکەی دەخات،بۆئەوەی وا پیشانی بدات کەوا کەلتورێکی نەشیاو بەژیان و نەگونجاو بەسەردەمتان هەیە و پێویستە چاو لەکەلتووری رۆژئاوا بکەن . رۆماننووس پێیوایە سیستەمی سیاسی وڵات و سەردەستەیی نەتەوە و ژێردەستەیی لە تۆخکردنی باوکسالاری یاخود کاڵکردنەوەی ڕۆڵ دەبینین ((کوڕی من کارێکی کردووەلەئیمرۆە تاسەد ساڵی تریش کەس لەم شارو گەرەکە ناوێرێ بەلایدا بکۆکێ،بەخراپ سەیری بکات ))[٣٨].لێرەدا رۆماننووس ئاماژە بە سیستەمی سیاسی تەندروست دەکات، تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بونیادنانی تاك، چونکە نا تەندروستی سیستەمی سیاسی و نەتەوەیی، تاك ڕووبەڕووی زۆرترین دەرد ی درێژخایەنی دەکاتەوە، بەچەشنێك ئەم دەرد و نەخۆشییە سەردەکێشێت بۆ بوون بە کەلتوورێکی باو و چەقبەستوو. بۆیە کاتێك نەتەوەیەکی سەردەستە، نەتەوەیەکی ژێر دەستە دەچەوسێنێتەوە ئەوا چەوساندنەوەی ژن لەبەرامبەر چەوساندنەوەی پیاو ئەوەندەی تر زیاتر دەبێت،بۆ ئەم مەبەستە نووسەر باسی ئەو ساتە وەختە دەکات کەوا کاتێك حمەرەشید ئاغا لەترسی دەسەڵات و ئاشکرابوونی لەنێو شار بریاری چوونە شاخ دەدات ئەمەش بۆ سوعادی خێزانی زۆر ئەستمە بێت کەوا ژنێك بە کۆلێك منداڵەوە روو لەشاغ بکات،(( بەژن و منداڵەکانم بلێ خۆیان بپێچنەوە، لەم شەوانەدا کەسێکی ئەمین دەنێرم بەشوێنیاندا بیانهێنێت بۆ لای خۆم))[٣٩] ، لێرەدا رۆماننووس ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کەوا لەدۆخێکی ئاوادا ژنان زۆرترین قوربانی دەدەن، چەندین ئەرکی تریان دەکەوێتە سەر دەبێتە باری قورس بەسەریانەوە سەبارەت بە سیستەمی سیاسیش بەهەمان شێوەیە،کە نەتەوەی ژێردەست زۆرترین قوربانیدەری دەسەڵاتی زاڵە، پۆستکۆلۆنیالیزم بەردەوامیدانە بەو دەسەڵاتەو شێوەی تێفکرینی بۆ نەتەوەکانی دیکە.  خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ گوتاری نێرسالاری لەکەلتوورو کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکاندا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە قەبارە و سەنگی مێینە کەم بکاتەوە، و کۆت و بەندی بخاتە سەر و گەمارۆی بدات، بۆ ئەوەی گوتارە نێرسالارییەکە سەنگینتر و کامڵتر خۆی بنوێنێت دەشێت نەتەوەیەکی سەردەستە، کە هەڵدەستێت بەچەوساندنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە، نێرەکانی ئەو نەتەوەیە ژێر

دەستە لە هەمبەر نێرەكانی تری نەتەوەی سەردەستە، گرێی هەست بە كەمیكردنیان لەلا دروست ببێت، بۆ قەرەبووكردنـەوە و هەڵڕژانـدنی ئـەم گرێیـەی هەسـت بـە كەمییـەش، ژنـانی نەتەوەكـەی خۆیـان بكەنـە ئامانج،((زۆرم بەلاوە ناشیرینە كەژن و پیاوی ئێمەش وەك سویدییەكان لەبەر چاوی میوانی ناسیاو و غەریبـەدا یەكتر لەباوەش دەگرن و یەكتر ماچ دەكەن)) [٤٠] ، ڕۆماننووس پێیوایە تاكی ڕۆژهەلأتی لەكەم توانـایی و لاوازی لـە هەولّی تۆڵەسەندنەوەن لە ژنەكانیان،بەمەش عەقڵییەت و كەلتووری باوكسالاری لەنێو میللەتانی ڕۆژهەڵات ، بە زەرەر و زیانی ژنان تەواو دەبێت، هەروەها جەستەی ئافرەت تاڕادەیەك بۆ هەندێك لە ئافرەتان بۆتە مایەی بەڵا و بەدبەختی، و جەستەیە كە بۆ خودی ئافرەتەكە، هـەمووی تەقەمەنییـە و بەتەقینـەوەی تـەنیا زیـان بـەخۆی دەگات و خودی خۆی لەناو دەچێت، لە هەمانكاتدا ئەو جەستەیە بۆ نێرەكان كالأیەكی گرانبـەها تـا ئـەو دەمـەی هەرمێنی هەیە، و بازرگانی پێدەكرێت، واتە كولتووری باوكسالاری بەچەشنێك گوزارشت لـە ژن دەكـات، كـە بـۆ دواجار بە ناشیرینكردن و ناوزراندن و توانەوەی قۆناغ بە قۆناغ كۆتایی پێدێت، ئازادییـەكانی لێتەسـككراوەتەوە كە بۆتە مایـەی خامۆشـی و كپبـوون و كاڵكردنـەوەی بەمـەش دەگەینـە ڕاسـتییەك كـە ڕۆژهـەڵات وەك پێویسـت نـەیانتوانیووە بـاس لـەژن بكـات وەك مرۆڤێـك و مافـەكانی لێزەوتنەكـەن و شوناسـی مێینـەیی لـەپاڵ شوناسـی نێرینەیی بەبوێری بناسێنن.

ڕۆماننووس كولتووری باوكسالاری لەچـەندین ڕوودا بـە دەسـەڵات و سیستـەمی سیاسـی پاشایەتی چواندووە، باوك، یاخود نێرینە هەمیشە كار بۆ ئەوە دەكات دەسەڵاتەكەی بەنـەمری بمێنێتـەوە، و دەسـەڵاتەكە لەباوكـەوە بۆ كوڕ و نەوە درێژەی پێبدرێت . لە كۆمەڵگەی باوكسالاری دا، باوك هەمیشە وێڵە بۆ ئـەوەی لـەنێو كوڕەكانیـدا ئەو دەسەڵاتە ببەخشێتە ئەو كوڕەی خۆی، كە پێیوایە كۆپییـەك و دانەیـەكی تـری هاوشێوەی ئـەوە لـە هـەموو ڕووەكانەوە لەو دەچێت. باوك ئەو كوڕەی زیاتر خۆش دەوێ كـە بەشێوەیەكی باشتر خواسـت و ئاواتـەكانی ئـەو بەدی دەهێنێت، كوڕێكی لەم چەشنە زیاتر شیاوە بۆ ئەوەی جێگرەوە و میراتگری باوكی بێـت، بۆیـە ڕۆمـانووس لەنیشـاندانی هەڵوێسـتی حمەرەشـید ئاغـای بـاوكی هەڵاڵـەدا،كاتێك هەسـتدەكات مەجیـدی كـوڕە گـەورەی لەبیروبۆچون و تێروانینەكانیـدا جیاوازە،دەكەوێتـە بەهانـە پێگـرتن و لـەماڵ دەریانـدەكات ((ئەوانـە كـوری مـن نین.كەواتە حەقیان نییە لەمەودوا سەر بەماڵی مندا بكەن)) [٤١]،ڕۆماننووس پێیوایە كولتـووری باوكسـالاری زیـاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، كە لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا خۆشەویستی وەك پێویست بوونی نەبووە، و لـەجیاتی خۆشەویستیش ڕق لێبوونەوە و تۆڵەكردنەوە بۆتە شوێنگرەوەی، و ئەمانە بوونەتە ئەلتەرناتیڤێك كە بۆ ئەوەی گوزارشت لەخۆشەویستی بكەن بەبیانووی جۆراوجۆر. ڕۆماننووس وایدەبینێ باوكسالاری كولتوورێكە پەیوەستە بە كۆمەڵگە و دیاردە جۆر بـەجۆرەكانی كۆمەڵایەتییـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـایین ڕۆڵـی خـۆی بینیـوە لەگەشـە و بـرەو سـەندنی سیستـەمێكی لـەم شـێوەیەدا، بەتایبـەت ئـەو كاتـەی ئـایین لەلایـەن نێرینـەكانی كۆمەڵگـە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان دەیشـكێننەوە، و دەقـەكانی ئـایین لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان ڕاڤـەی بـۆ دەكـەن، و بـەڕووی مێینەكانی كۆمەڵگەیدا دەدەنەوە، وەك چەكێكی چەند سەرە لەهەمبەریان بەكاریاندێنن . برەوسـەندن و ڕەگـدا كوتـانی كولتـووری باوكسـالاری لەزۆربـەی كۆمەڵگـەكان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـەخودی ژن كەمتەرخـەمن لـە بەرامبەر پرسە مرۆڤسالارییەكەی خۆیـان، بـەهۆی لایـەنی پتـەویی و پێگەیشـتنی هەسـت و سۆزیان وایكـردووە

پیاوانیان له خۆیان خۆشتر بوێت بەڕادەیەك كە هێندە خودی خۆیان خۆشنەوێت،ئەمە لەنێو ڕۆمانەكەدا زۆر بەرروونی ڕۆماننووس بەدیاریخستووە ،كەكاتێك حمە رەشید ئاغا هاتووچۆی مالّی سۆفی برایم دەكات ،كچێكی جوانی بەناوی رەعنا هەیە،دوای شوپێكردنی بۆماوەی سالێك ئەم كچە ئامادەنییە تەلاق وەربگرێ (( من زیاتر لەسالێكە شووم پێكردووە،هیچ گلەییەكم لێی نییە، كەواتە بۆ دەبێ تەلاّقی لێوەربگرم؟ لەسەرچی؟من جێی كەسم تەنگ نەكردووە،بەشی كەسیشم نەخواردووە،سەد پیاو هەیە كە دووژنی ببێت ،ئەوان لەمالّی خۆیان و منیش لەمالّی خۆم))[٤٢] ،لە بارودۆخێكی ئاواشدا پیاوان ئەمە بەهەلّێكی زێڕین دەزانن بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەلاّتی خۆیان، ئەمەش ناچونیەكی و ناهاوسەنگییەكی ڕوونە، چونكە لێرەدا ژن ئاوێنەیەكی سیحرییە، یاخود كالاّیەكە لەدەستی پیاودایە، بۆ ئەوەی بەویست و ئارەزووی خۆی قەبارەكەی گەورەتر بكات و پانتاییەكەی لە ڕووی دەسەلاّت و هێزەوە فراوانتر بكات.

كولتووری باوكسالاری لە كۆمەلّگەی كوردی، هەر لەچوارچێوەی كولتوورە كۆمەلاّیەتییەكە نەماوەتەوە، بەلّكو باوكسالاری لەكۆمەلّگەی ئێمەدا فرە مانا و فرە ڕەهەندە، و پەلوپۆی بۆ سیستەمی سیاسی و ئابووری و دەسەلاّت ...هتد هاویشتووە، و ئاوێزانی ئەم سیستەمانە و سیستەم گەلێكی تر بووە. بەواتایەكی تر لە جیاتی ئەوەی تاكی كورد لە هەولّ و تێكۆشانی ئەوە دابێت باوكسالاری بەهەموو مانا و مەدلوولەكانییەوە كالّبكاتەوە، هەمیشە لەمشوور و مژولی ئەوەدایە ئەم دەسەلاّتە هێندەی تر تۆخ بكاتەوە. ئاشكرایە باوكسالاری وەك كولتوور و سیستەم، لە كۆمەلّگەیەكەوە بۆ كۆمەلّگەیەكی تر جیاوازی هەیە،عەتا نەهایی باوكسالاری دەبەستێتەوە بە عەقلّیەتێكی چەقبەستووی بێبزووت و بێجوولّە چونكە پێیوایە پیاوێكی ڕۆژهەلاّتی لە دۆخی ئاساییدا، سەر بەچین و توێژێكی ئاسایی بێت، جیاوازی نییە لەگەلّ پیاوێكی ڕۆشنبیر، كە سەر بەتوێژێكی دەستەبژێر و بژاردەیە، هەردووكیان هەمان بیركردنەوە و عەقلّیان هەیە، بەلاّم لە ڕووخسار و بەرگدا جیاوازن، بێگومان ئەمەش بۆ چوونێكی ڕەهایە دەشێت بە ڕێژەیی دەری ببڕیبایە.هەروەها عەتانەهایی پێیوایە پیاو پیاوەتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ببێتە جەللادێك بە ئازاردانی قوربانییەكەی (ژنەكەی) تام وچێژ و شكۆمەندی وەربگرێت، و وەك پۆلیس و چاودێرێكی نهێنی وابێت بیەوێت بۆسەی كەمەرشكێن لە بەرامبەرەكەی بدات، و نەهێلّێت ببێتە هاوتاو هاو ڕازی((تۆ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت گالّتە بەحەیا و شەرەفی باوكت بكەی؟ ئەو هەتیوانەی برات چۆن لێت قبوولّ دەكەن؟ مامە فەتاحت چۆن ......))[٤٣] ، گوتاری باوكسالاری لەكۆمەلّگەدا، هەر بە تەنیا لە خەمی ئەوە دانییە كە لەڕێی ڕووبەڕوو بوونەوە ژن دەستە مۆو ملكەچ بكات، بەلّكو دەیەوێت لە ڕێی دەسەلاّتەكەیەوە ڕووبەڕووی كوڕەكانیش ببێتەوە و ، تەنانەت هیچ گیانێكی یاخبوونیشیان تێدا چەكەرە نەكات، بەم هۆیەوە بەویست و حەزی خۆی ئاراستە یان بكات . واتە دەسەلاّتی ڕەهای باوك لە كۆمەلّگەدا هەر مەبەست و ئامانجی ئەوەنییە تولە ڕێ و كوێرە ڕێی پیشانی ژن بدات بۆ ئەوەی بەبێوەیی دەرنەچێت، بەلّكو لە هەولّی ئەوەشدایە لە هەندێك حالّەتدا بەتایبەت كاتێك كوڕەكان وێنەی باوكیان نانوێنن، تووشی هەمان چارەنووسی ژنانیان بكاتەوە، كەواتە باوكسالاری لەچەكێكی دووسەرە دەچێت ، كەواتە باوكسالاری مەبەستییەتی لەلایەك مێیینەكان، لەلایەكی تر نێرینە یاخییەكان بكات بە پەیژەیەكی تۆكمە و قایم بۆ ئەوەی لەسەر ئەمانەدا خۆی لە لووتكەدا ببینێتەوە. لەكاتێكشدا دەبێت ئەوە بزانین نەژن وەك ڕەگەزێكی سەربەخۆ، و

نەکورە یاخییەکانیش سەر بەهەمان رەگەز، بوونێکی بێهێز و لاوازنین و سەربەخۆن، بەڵام دەبینین لە ئەنجامدا کولتووری کۆمەڵگە، کەگوتاری باوکسالاری تێیدا زاڵە، دەیانکات بە بوونەوەرێکی بێهێز و لاواز و ژێر دەستە، بەجۆرێك هەم ژنەکە، وهەم کورە یاخییەکان پاشکۆیەتی بە زۆرەملێ و ناچاری قبوولّ بکەن دەشێت لێرەدا بیانووی باوکسالار بۆ ژنەکە ئەوەبێت کە بۆ هەمیشە عەقڵی ژن ناخەملیووە، و عەقڵی کوڕ و نەوە یاخییەکانیش لەئێستادا بەهۆی تەمەنەوە لەبەرامبەر عەقڵی باوك باش نەخەملیووە،کاتێك رەعنای کۆنە خێزانی حەمەرەشیدئاغای باوکی هەڵاڵە باس چارەنووس و چارە رەشی خۆی دەکات و دەڵێت: ((ئەرێ دەزانم .چالێکە لەسەر رێم هەڵکەندراوە و دەبێ بکەومە ناوی . تەڵەیەکە لەبەر پێم داندراوەو دەبێ پێوەی ببم))[44] ، بەمەش لەکۆمەڵگەیەکی باوکسالاری وەك کۆمەڵگەی کوردی، لەگەڵ ئەوەی پیاوان هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوونە کە هێز و توانا و دەسەڵاتیان لە هەمبەر ژنان تاقیبکەنەوە، جا بەهەر شێوەو شێوازێك بێت، کەچی دەبینین ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر بە کەمی هەوڵیانداوە تۆڵە لەپیاوەکانیان بکەنەوە، یاخود بەشێوەیەك لەشێوەکان لێیان یاخی بن، یاخود بگەنە رادەی لەرێ لادان، ئینجا ئەو یاخیبوون و لەرێلادانە رووحی بێت، یاخود جەستەیی بێت، لێرەدا دەکرێت نەبوونی دیاردەیەکی لەمشێوەیە لەنێو کۆمەڵگە و تاکیی کوردی لەرابردوودا بۆ دووخاڵ بگەرێنینەوە، یەکێکیان لەوەدا خۆی دەنوێنێت ، کە مرۆڤی کورد هەمیشە لەزۆربەی بارودۆخ و شوێنکاتە جیاوازەکاندا پەیوەست بووە بە داب و نەریت و کولتووری نەتەوەیی خۆیەوە، ئەوەی تریشیان پەیوەستە بەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو کۆمەڵگەیەکی تارادەیەکی زۆر رۆحانی بووە هەرگیز پشتی لە ئایین نەکردووە، لەئایینی زەردەشتەوە تا ئایینی ئیسلام، گوتاری ئایینی لەنێو رۆحی تاکی کوردیدا بەردەوام بوونی هەبووە.

رۆماننووس پێیوایە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کەوایکردووە باوکسالاری وەك کولتوور و سیستەمێکی چەقبەستوو بمێنێتەوە، گوتار خوازییەکەی فراوان و پانتاییەکی زۆرتر بگرێتەوە، نەبوونی بەرهەمی هزریی و ئەدەبیی ژنانە، لە کۆمەڵگەی باوکسالاری، گەر ئەم چەشنە بەرهەمانەش بوونیان هەبێت گەلێکجار لە پەنجەی دەست تێپەرناکەن، و یاخود لەنێو بەرهەمی پیاوانە تووشی تەنگە نەفەسی هاتوون، بۆیە رۆماننووس لەسەرزاری یەکێك لەکارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکەیدا(سەعید) ئەم وێنەیەی بەرچاو خستووە،کە بەردەوام ئامۆژگاری هەڵاڵەی کردووەو،ئەمیش بە فریادرەسی خۆی زانیوە،بۆیە سەعید دەڵێت: ((دەیویست بەردەوام قسەی بۆ بکەم .بۆی بدوێم . لەمرۆڤ و ژیان و خۆشەویستی و.... منیش بێدرێغی ،لەوەی کە دەمزانی و بروام پێی بوو بۆی دەدوام .لەئەدەب ،لە فەلسەفە،لەزمان و جوانی ناسی))[45]، رۆماننووس مەبەستیەتی بەهۆی گوتار زاڵییەکەی باوکسالاری بەشێکی زۆری نێرینەی کوردیی بەعەقڵییەتە کۆنخوازییەکەی دوێنێی، خەم و خەون و خەیاڵی گەورەی ئەوەیە مێینەیەکی نوێخوازیی تەواو هاوچەرخ بخوازێت، و هەر بەعەقڵیەتی دوێنێ بیدوێنێت و بیوروژێنێت. واتە پیاوی کوردیی بێئەوەی یەکەبەیەکەی قۆناغەکان ببرێت، چەندین قۆناغی بەیەك هەنگاو بریوە، و گەرەکییەتی مێینەیەکی ئایدیالیی ببێت بەهاوسەری ، بە عەقڵییەتێکی خێڵەکی هاوسەرێتی لەگەڵ ژنێکی عەقڵشارنشینی بکات، و لە کاتێکدا ئەو ژنە هەموو تایبەتمەندییەکی تێدا بێت بەپێ پێوەرەکانی دوێنێ و ئەمرۆ، لەکابانییەتی و ماڵدارییەوە بۆ خانەدانیی و بروانامەداریی .

**ئەنجام**

- ئەم رۆمانە بەهەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم ، وێنەی ژێردەستەیی و کوشتنی ژنی نەخشاندووەو کەلتووری کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بە هۆکاری ئەم دیاردەیە زانیوە .
- لەنێو رۆمانەکەدا، رۆماننووس، لەهەوڵی بێ بەها نیشاندنی کەلتووری نەتەوەییە،کەکاتێك هەلاڵەی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە ناتوانێ بەئارەزووی خۆی خۆشەویست و دڵخوازی خۆی دەستنیشان بکات
- باوکسالاری وەکو سیستەمێکی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی لەنێو رۆمانەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەهۆکاری نەبوونی شوناسی ژنی لەقەڵەمداوە .
- باوکی هەلاڵە بریاردەری چارەنووسی هەلاڵەیە ،ئەمەش هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمە ،کە پێوایە ژنی رۆژهەڵاتی خاوەن شوناس و ناسنامەی خۆی نییە .
- ئەم رۆمانە زۆر بەروونی جیاوازییە کەلتوورییەکانی نیشانداوە،بەتایبەت لەنێوان تاکی رۆژئاوا (سوید) و،تاکی رۆژهەڵاتی(کورد)،کەتیایدا کەلتوری رۆژهەڵاتی لەبەردەم خەون و خولیای ژن، بەبەربەست زانیوە.

**پەراوێزەكان:**


1) William Craigie ,long man dictionary of American English,5th edition .
2) Christopher O'Reilly,Post-Colonial literature, Cambridge University perss, p6.
3) Abrams, M. H., & Harpham, G. (2011). *A glossary of literary terms*: Cengage Learning
٤) كۆمەڵێك نووسەر ، سەرەتاكان ،وەرگێرانی شوان ئەحمەد،چاپی یەكەم،چاپخانەی بینایی،سلێمانی ،٢٠١١ل٣٣-٤٠.
٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل
6) . Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism*, 20
٧) مەنسوور وسووقی– عەلی ئەكبەر نیك خولق،بنەماكانی كۆمەڵناسی ، وەرگێرانی سیروان محەمەد حاجی،چاپی یەكەم ،چاپخانەی موكریان،هەولێر،٢٠١٣،ل ١٢٥.
٨) رەفیق سابیر،كەلتوورو ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی،٢٠٠٨،ل١٧.
٩) عەتا قەرەداغی،كاریگەری كەلتوری ئەوان لەسەر كورد،چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری ،سلێمانی ، ٢٠٠١،ل ١٢٤.
١٠) رەفیق سابیر ،كەلتورو ناسیۆنالیزم،چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل٣٧.
11) Lewis, R., & Mills, S. (2003). *Feminist postcolonial theory: A reader*: Routledge.
١٢) د.حسەین بەشیرییە، تیۆری كەلتووری،وەرگێرانی مەنسوور تەیفوری،چاپی یەكەم،چاپخانەی بینایی،هەولێر ،٢٠١٣،ل١١٥-١٢٠.
13) . Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism*, 20
١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦.
15) Spivak, G. C. (2000). Foreword: upon reading the Companion to Postcolonial Studies.
16) *A Companion to Postcolonial Studies, 19* .
17) Katrak, K. H. (1989). Decolonizing culture: Toward a theory for postcolonial women's texts.*MFS Modern Fiction Studies, 35*(1), 157-179 .
18) Young, R. J. (2003). *Postcolonialism: A very short introduction*: Oxford University Press
١٩) مەریوان وریا قانع ،كتێب و دونیا، چاپی یەكەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی،٢٠١١،ل٨٩- ٩٠.
20) https://en.wikipedia.org/wiki/Homi_J._Bhabh
21) https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
22) https://www.academia.edu/3644590/Can_the_Subaltern_Speak- _Summary

٢٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە(دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠٧، ل ١٦.

٢٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١٦ .

٢٥) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٣١٢.

٢٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل١.

٢٧) عەتا نەهایی،گرەوی بەختی هەلاڵە ،ل ٢٥٦.

٢٨) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٥٦.

٢٩) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٢٤٦.

٣٠) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٩.

٣١) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٣١١.

٣٢) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٣٢.

٣٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل ٣١٩.

٣٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل٣٢١.

٣٥) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی بینایی،سلێمانی،٢٠١١، ل١٦٧.

٣٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل٢٤٧.

٣٧) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل٦٨.

٣٨) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل١٠.

٣٩) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٥٦.

٤٠) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٤٨.

٤١) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٨٥.

٤٢) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١٤٤.

٤٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١١٢-١١٣.

٤٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٢٦ .

٤٥) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ١٢٠.

٤٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٣٤١.

**سەرچاوەكان**

**كتێبی كوردی**


- د.حسەین بەشیرییە، تیۆری كەلتووری،وەرگێرانی مەنسوور تەیفوری،چاپی یەكەم،چاپخانەی بینایی،هەولێر ،٢٠١٣.
- رەفیق سابیر ،كەلتورو ناسیۆنالیزم،چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨ .
- عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە(دوارۆژەكانی ژیانی باڵندەیەكی كۆچەر)،چاپی یەكەم ،چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠٠٧.
- عەتا قەرەداغی،كاریگەری كەلتوری ئەوان لەسەر كورد،چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری ،سلێمانی،٢٠٠١ .
- كۆمەڵێك نووسەر ، سەرەتاكان ،وەرگێرانی شوان ئەحمەد،چاپی یەكەم،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی،٢٠١١.
- مەنسوور وسووقی– عەلی ئەكبەر نیك خولق،بنەماكانی كۆمەڵناسی ، وەرگێرانی سیروان محەمەد حاجی،چاپی یەكەم ،چاپخانەی موكریان،هەولێر،٢٠١٣.
- مەریوان وریا قانع ،كتێب و دونیا، چاپی یەكەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی، ٢٠١١ .
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی،چاپی یەكەم ، چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،٢٠١١ .

- Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism.*
- Lewis, R., & Mills, S. (2003). *Feminist postcolonial theory: A reader*: Routledge.
- Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism.*
- Abrams, M. H., & Harpham, G. (2011). *A glossary of literary terms*: Cengage Learning
- Spivak, G. C. (2000). Foreword: upon reading the Companion to Postcolonial Studies. *A Companion to Postcolonial Studies .*
- Katrak, K. H. (1989). Decolonizing culture: Toward a theory for postcolonial women's texts.*MFS Modern Fiction Studies, 35*(1) .
- Young, R. J. (2003). *Postcolonialism: A very short introduction*: Oxford University Press.
- Christopher O’Reilly(2001) Post-Colonial literature, Cambridge University press.

**سایتی ئەلیكترۆنی :**

- https://en.wikipedia.org/wiki/Homi_J._Bhabh
- https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
- https://www.academia.edu/3644590/Can_the_Subaltern_Speak-_Summary
- Longman Dictionary of American English (paperback with PIN) (5th Edition)

## خطاب مابعد الإستعمارية في رواية عطا نهايي "رهان حظ هلالة"

### المقدمة

يقوم البحث بدراسة "رهان حظ هلالة" للروائي عطا نهايي على ضوء نظرية مابعد الإستعمارية، و التي وجهت دربها نحو الأدب بعد نظرية التفكيكية و لها عدة أبعاد مثل الأنثروثولوجي و النفسي و حقوق المرأة و اللغة و الهوية الثقافية ... الخ. و لكل منهم رواد و مفكرين حيث يعتبر ادوارد سعيد أحد الرواد في مجال الهوية الثقافية و اسيجناك في المجال الحركة النسائية و لها عدة كتابات، و أخيرا كتب هومي بابا عن القوميات المضطهدة و أكمل المبادئ الأساسية لهذه النظرية لتشمل الفترة الزمنية ما بعد الإستعمار، أي عندما يحتل احدى الدول أراضي شعب غير شعبها و تبدأ النظرية من هنا عندما يتعرض ثقافة الشعب المحتل الى مؤامرات و مهاترات فكرية منتظمة عن طريق تحوير أفكار و اتجاهات و العادات و التقاليد السارية في المجتمع المحتل. يقوم الإحتلال بعرض و ترويج مفاهيم لتبرير الإستعمارية عن طريق صياغة الثقافة الغربية (ئيروسنتر) لينعكس على المجال الأدبي بصورة غير مباشرة خاصة في أدب الغربة حيث يقوم الكاتب المهجر بنشر نفس الأهداف بدون قصد خلال كتاباته.

لذلك ترى بأن "رهان حظ هلالة" تحمل خطاب ما بعد الإستعمارية في مضمونها لتطرح للقارئ قتل المرأة على يد الرجل الشرقي عن وجهة نظر غربية لهذه الظاهرة و تصفها بالتخلف و الدناءة حيث نراه مطابقا لمفاهيم مابعد الإستعمارية ليتمحور في اطار الثقافة و العادات و المفاهيم.

### أهمية البحث

لم يجد خطاب مابعد الإستعمارية طريقها في الأدب الكردي بشكل شائع بما انه يعتبر من أحدث الطرق النقدية في العالم لدراسة النصوص الأدبية، لذلك من الضروري دراسة النصوص الكردية على ضؤ هذه النظرية.

### طريقة البحث

طريقة هذا البحث وصفية – تحليلية

### اطار البحث

تم تحليل رواية "رهان حظ هلالة" للكاتب عطا نهايي من وجهة نظر خطاب مابعد الإستعمارية فقط ليدرس مجالي الثقافة و الأبوية كنموذج للبحث. اتخذ هذه الطريقة الثقافة الغربية و الشرقية كمحور أساسي لها ليتحدث عن الشرق كمفهوم شمولي ليضم الكرد كأحد الشعوب الشرقية ذو ثقافة أبوية. لم يتطرق البحث الى المجالات النفسية و الأنثربولوجية.

### مضمون البحث

يضم البحث جزئين، الجزء الأول عبارة المجال النظري للموضوع ليسلط الضوؤ على المبادئ الأساسية و رواد مابعد الإستعمارية و اثارها الثقافية على وجهة نظرها لنظام المجتمع الأبوي في الشرق. أما الجزء الثاني و هو الجزء التطبيقي من البحث يدرس و يحلل رواية "رهان حظ هلالة" للكاتب عطا نهايي و يليها قائمة المصادر.

# A postcolonial approach to Ata Nahyee's "*Halala's Betting Fortune*"

## Introduction

This paper is an attempt to analyze the Kurdish Novel *Halala's Betting Fortune* (2007) written by Atta Nahayee with reference to postcolonial theory that emerged after the theory of deconstructionism and embraces several disciplines such as anthropology, psychology (occupied individuals), women rights and feminism, language, identity, culture, … etc. each aspect has its own leading figures such as Edward Said in culture and identity, Spivac in women rights and feminism, Homi Bhabha in colonizer-colonized nations. They could establish this method which includes the period after colonialism when the nation's lands were occupied. It starts after the occupation to degrade the colonized nation's culture and traditions through modifications in the attitudes of the colonized nation. Post colonialism promotes the invaders' culture and traditions and centralizes the European culture (Euro-center). The reflections of this theme can be easily observed indirectly in migrant literature or among writers who lived in Western cultures. The Kurdish novel *Halala's Betting Luck* has the same theme when depicts the Eastern man as a woman executioner from a westerners' viewpoint unconsciously, therefore the novel carries the same message as colonialism does to centralize culture, traditions and values.

## The significance of the study:

Textual analysis to Kurdish novels through the postcolonial theory is not a common method as it is one of the most up-to-date methods in the world. Therefore, an analytical study using this method for Kurdish novels is definitely important.

## Research method

This research undergoes a descriptive – analytical method.

## Limitations of the study

The paper is restricted within the theme of culture and patriarchal system representations apart from any other aspects observed in the novel such as anthropology, psychology, or any others. The novel draws connections between both Eastern and Western cultures and Kurds as any of the Eastern nations shares almost the same cultural phenomenon and patriarchal system.

## The content of the paper

This paper consists of two main parts; the first is mainly the theoretical aspect which introduces post colonialism as a concept, its theory, principles and the leading figures. Secondly, a critical study of the novel is presented with reference to the post colonial theory. Finally, a list of the sources and cited works is attached.